# نائومێدیەکانی شانۆ

## خوێندنەوەیەکە بۆ بەشێکی تری مێژووی شانۆی کوردی لەماوەی نیو سەدەی تەمەنی لە شاری کەرکوک

**نیهاد جامی**

**٢٠٠٨- کەرکوک**



**ناوی کتێب: نائومێدیەکانی شانۆ**

**ناوی نووسەر: نیهاد جامی**

**جۆری‌کتێب: لێکۆڵینەوەی شانۆیی**

**دیزاین و بەرگ: قاسم مهدی**

**تایپ و هەڵەچنی: نووسەر**

**تیراژ: ٥٠٠**

**چاپخانەی: ئەرابخا– کەرکوك**

**پڕۆژەی چاپکردنی کتێبی تیپی شانۆی سیٚ کانی کەرکوك/١**

# دەروازە

پێویستە سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هیچ ڕۆژێك بەکاری خۆمان نەزانیوە پەنابەرینە بەر کاری بیبلۆگرافیا و نووسینەوەی مێژوو، ئەوە بە پلەی یەکەم بە ئەرکی نێوەندە شانۆیی و ئەو دەزگا کولتوریانە دەزانین کە لەووڵاتی ئێمە بوونیان نیە، یاخود ئەو کارە پێویستی بە کەسانی مێژوونووس هەبووە، کە دەڵێین مێژوو نووس مەبەستمان کەسێکە کە لە ڕوانگەیەکی شانۆیەوە ئەو مێژووەمان بۆ بنووسێتەوە نەوەك مێژوو نووسێك بەویستی خۆی بێت ناوی شانۆگەریەکانمان بۆ تۆمار بکات، کاتێ ئاوڕ لە شانۆی کەرکوك ئەدەینەوە ئێمە ئارگۆمێنت و دیکۆمێنتێکی ئەوتۆ نابینین کە پشتی پێ ببەستین، سەرەتا ڕوومان لەزۆر شانۆکار نا ئەوانەی لەناو ئەو بزووتنەوەیە بەشدارن کە بەو کارە هەڵبستن، بەلاّم بەداخەوە ڕۆژەکان تێدەپەڕیین و بزووتنەوە شانۆیەکەمان بەبێ بەڵگەکانی بەڕێوە دەڕۆیشت، بەتایبەت کە ئەوانەی لەپێش من لەو شانۆیە کاردەکەن پێی هەڵنەستان ناچاربووین ئێمە ئەو کارە بگرینە ئەستۆ، ئەگەرچی ئەوەیان کارێکی سەخت بوو، ئاسان نەبوو وەك ئەوەی ئێمە پێشبینیمان کرد، بەهۆی ئەوەی نووسین ئامادەیی نەبوو، بەڵکو ئەوەی هەبوو تەنیا بریتی بوو لە قسەی زارەکی، لە سەروەریەکانی ڕابردوویەك، بەلاّم ئەو ڕابردووە لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری لەبارەوە نەنووسراوە، ووتارێکی ڕەخنەیی تیا نابینین، جگە لە چەند

هەواڵێك و چەند ستوونێکی ڕۆژنامەنووسی ستایش ئامێز، هەمووئەمانەش ناتوانن سیماکانی قۆناغەکەمان بۆ بخوێننەوە، ناچاربووین پشت بەتەواوی بەڵگەنامەی تیپەکان ببەستینەوە، لەگەڵ دواندنی چەند شانۆکارێکی ئەم قۆناغانە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەو کارانەی لێرە تۆمار کراون، تەنیا ئەو کارە کوردیانەن نمایشە عەرەبی و تورکمانیەکان ناگرێتەوە، چونکە ئەو پڕۆژەیە بۆ شانۆی کوردی لە کەرکوك ئەنجام دراوە، بە ئومێدی ئەوەی شانۆی نەتەوەکانیتر لەگەڵ شانۆی کوردی بکەینە کتێبێك لە داهاتوودا تا ببێتە سەرچاوەیەکی دانسقە بۆ شانۆی کەرکوك، لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ و هاوکارە شانۆکارەکانم بکەم کە بەو پەڕی بەرپرسیاریەتیەوە بەپیر ئەو پڕۆژەیەوە هاتن بۆ ئەنجامدانی لەڕێگەی بەخشینی ئەرشیفی تیپەکانیان و هەروەها بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان لەگەڵما ئەرکیان کێشاوە، ڕۆڵی ئەوان لەو پڕۆژەیە هیچی لە ماندوو بوونی من کەمتر نەبووە، دیارە هاندانی ئەوانیش کاریگەری گەورەی هەبووە بۆ ئەوەی لە کارەکە سارد نەبمەوە، بەتایبەت هاندان و هاوکاری هاوڕێی شانۆکارم (سیروان بێلانە) بۆ ئەو پڕۆژەیە.

دەشێ ئەو هەوڵەی ئێمە وەك کارێکی سەرەتایی تەماشا بکرێت، بۆیە دوور نیە زۆر شانۆگەری هەبێت، لەو کتێبە تۆمار نەکرابێت، بەدڵنیایەوە کاتێ شانۆی کەرکوك وەك کتێبێك بووە



پڕۆژەمان ئەوسا هەموو ئەوانەی فەرامۆش کراون، تۆمار دەکرێنەوە، لێرەدا ئێمە کتێبەکە وەك دوو پاژ سەیر دەکەین، پاژی یەکەم بیبلۆگرافیایەکە بۆ شانۆی کوردی لە کەرکوك، کەسەرەتای هەوڵەکانی لە ١٩٥٨ دەست پێدەکات، ئەگەرچی هەندێك لە دڵسۆزان ویستوویانە ئەو مێژووە زۆر دوورتر بەرن، بەوەی پێمان دەڵێن مێژووی شانۆی کوردی لە کەرکوك دیار نیە و لەوە دوورترە، کاتێ پێمان دەڵێن ئەو مێژووە لەوە دوورترە ناتوانن بۆمانی بسەلمێنن، ئەوەش خزمەت بە شانۆی کوردی لەم شارە ناکات، بۆیە ئێمە ئەو مێژووە دەگەڕێیننەوە بۆ ١٩٥٨ کە تا ئەمڕۆ لە ٢٠٠٨ ئێمە ئەو کتێبەی تیا دەنووسین شانۆی کوردی لە کەرکوك تەمەنی دەبێتە پەنجا ساڵ، بەواتای تەمەنی نیو سەدەیە لەو نیو سەدەیەدا کاری گەورەی ئەنجام داوە لەوانە کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوك و بوونی گۆڤارێکی شانۆیی وەرزی بەناوی شانۆکار ئەوە جگە لە هەوڵە بەردەوامەکانی تیپە شانۆیەکانی وەکو (ئاشتی، ئەزموونگەری) و چەندین تیپی تریش، دیارە ئەوە پێوانە بە دۆخە سیاسیەکەی شارەکە تیایدا ژیاوە، بۆیە لە پاژی یەکەمی کتێبەکە بەناوی (پەنجا ساڵ بەردەوامی) ە، کە تایبەتە بە درووست کردنی ئارگۆمێنتێك بۆ ئەو پەنجا ساڵەی شانۆی کوردی لە کەرکوك، بەدوای ئەنجامدانی ئەو پاژە کە ئارگۆمێنتێکمان کەوتە بەردەست، ئەو سەرچاوەیەی پێشتر نەمان بوو، ئێستا

دەرگایەکی ترمان بەڕوو دەکرێتەوە، ئەویش لەپاژی دووەمی کتێبەکە ئیشی لەسەر دەکەین کە بەناوی (پەنجا ساڵ نائومێدی) ە، چونکە کەسی داهێنەر دەبێ خۆی ڕووبەری داهێنان بدۆزێتەوە، ئەو بەشەش خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ ئەو ئارگۆمێنتە پەنجا ساڵیەی شانۆی کوردی، بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونی شانۆکارانی کەرکوك لەوێنە گشتیەکەی شانۆی کوردی بخەینە ڕوو.



## پاژی یەکەم: پەنجا ساڵ بەردەوامی

نووسینەوەی مێژووی شانۆی هەر نەتەوەیەك وابەستەیە بەو دۆخەی کە شوێنەکە تیایدا دەژییێت، بەپێی بارودۆخی جوگرافی شاری کەرکوك کە زیاد لەنەتەوەیەکی گرتۆتە خۆی، وای کردووە ئەو دۆخە ڕاستەوخۆ کاربکاتە سەر شانۆکەی، بەوەی شانۆی کەرکوك بریتی بێت لە شانۆی نەتەوە جیاوازەکان، بەهەمووشیان نەخشەی شانۆی کەرکوك درووست بکەن، نووسینەوەی مێژووی شانۆی ئەم شارە هەوڵێکە پێویستی بە ماندوو بوون و پڕۆژەی جدی هەیە، کە بتوانێ تەواوی ئەو مێژووە بخاتە ڕوو، ئەوەش کارێکە بە سانایی خۆی ناداتە دەستەوە، لەوە دەچێ پێویستی بە هەوڵی ماوەیەکی درێژ هەبێت، ئەوەش خۆ دزینەوەی ئێمە نیە لەم کارە، بەڵکو ئارەزوومان کردووە کە کارێکی لەم چەشنە ئەنجام بدەین، بەلاّم لە ئێستادا ئەوەمان پێ نەکراوە، ئەگەر لەداهاتوو دڵسۆزێك بەو کارە هەڵنەستا ئەوە ناچار دەبین بیر لەو پڕۆژەیەش بکەینەوە، ئەوەی لە ئێستادا ئێمە ئەنجامی دەدەین بریتیە لە نووسینەوەی مێژووی شانۆی کوردی لە کەرکوك، ئەو مێژووە بە چوار قۆناغ پۆلین دەکەین، هەر قۆناغێکیش زادەی دۆخێکی سیاسیە نەك هونەری، کە لەپاژی دواتر دێینە سەر ئەو باسە، بەلاّم ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ئەو قۆناغانە هەر چەندە زادەی دۆخی سیاسین، بەلاّم جیاکردنەوەیان پەیوەندی هەیە بەو گۆڕانەی ئەو بزووتنەوەیە بەخۆیەوە بینیووە، کە

گۆڕانـەکان بەشـێوەیەکی سسـت بـەڕێوە دەچـن، لەچـاو مێـژووی شانۆی شارەکانی ترەوە، بـەڵام هێشـتاترووسـکایی ئومێـد مـاوە کە نیگەرانمان نەکات، ئێمە بەرلەوەی بێینە سەر قۆناغەکان ئـەوە بە گرنگ دەزانین کە سەرەتای لەدایکبوونی هەر شانۆیەك بـۆ ئـەو ئاهـــەنگ و دانیشـــتنانە دەگەڕێتـــەوە کـــە شـــێوەیەکی درامـــی بەخۆیـەوە دەگـرێ، بـەڵام نـاتوانین ئـەو سـەرەتایانە بـە سـەرەتای لـەدایکبوونی شـانۆ بـزانین، هـەر بۆیـە سـەرەتای ئـەو شـانۆیەی ئێمـەش وەك هـەوڵی بـەرایی دەرکـەوتووە، ئـەوەش بـەدوو شـێوە خۆی نواندووە، شێوەیەکی زۆر سادە بووە لەڕێگەی جۆرێك لـە بەزمەســـات و خوێندنـــەوەی شـــیعر کـــە شـــێوەیەکی درامـــی وەرگرتـــووە، شـــێوەی دووەمـــیش نوانـــدنی لاســـایی کـــاری قوتابخانەکان بووە، بەتایبەت سەرەتای پەنجاکان لە قوتابخانـەی (ئیمـام قاسـم) چـەند نوانـدنێك کـراوە، ئەگەرچـی لـەتێڕوانینی مێژوونووس سمکۆ بەهرۆز وەك کاری شانۆیی سـەیر کـراون (١) هــەروەها (ڕێــزان ســاڵح مــەولود) لــە لێکۆڵینەوەکەیــدا بــەناوی (ســەرەتایەك بــۆ نووســینەوەی مێــژووی درامــای کــوردی) (٢) لـەبارەی شـانۆی کـەرکوك ئامـاژە بـۆ سـاڵی ١٩٥٣ دەکـات وەك سەرەتایەك بەوەی لەو ساڵەدا دوو شانۆگەری لە کەرکوك نمایش کراوە ئەوانیش (بووك و زاوا) و (ئۆمەری دادپەروەر) بەڵام ئەوەی ساغ نەکردۆتەوە کە کێ نووسـەر و دەرهێنـەری بـووە و لەئاسـتی هونەری و شێوازی پێشکەش کردنەکەی چۆن بووە، بۆیە دەکـرێ



ئـەوە تـەنیا گواسـتنەوە بووبێـت لـە ئاسـتی زارەکـی کـە بـۆ کـاری توێژینـــەوەی زانســـتی کـــەمتر دەتـــوانرێ پشـــتی پێببەســـترێ، هەروەك چۆن ئاماژە بۆ ناوی نمایشێکی تریش دەکات بـەناوی (گەشـتەوان) کـە گوایـە لـە سـاڵی ١٩٥٧ نمـایش کـراوە، (حەسـەن تـەنیا) ش لەسـەر ئـەو شـانۆگەریە وەسـتاوە، کـە لـە قوتابخانـە نمـایش کـراوە، بـەڵام هـیچ لـەو سەرچـاوانە بـاس لـە شـێوازی هونـەری ناکـەن، هێنـدەی لـەناو چـالاکی قوتابخانـە وەك کـاری نواندن کراون، بەڵام ئەوە هێندەی هەوڵێك بووە بۆ شـانۆ کـە بۆتـە هـۆی ئـەوەی لەسـاڵی دواتـر شـانۆی کـوردی لـەم شـارە سـەرەتای ڕاســـتەقینەی لـــەدایکبوونی بێنێتـــە دی، لەڕێگـــەی هەوڵـــە شـانۆیەکانی (نـوری هونـەر) و تیپـی هونـەری خـەبات. بـۆ ڕاسـتی ئـەو مێـژووە حەسـەن تـەنیا دەڵێـت "جـا لێـرەوە ناچـار بـووین کەســـەرەتای دەســـت پێکردنـــی شـــانۆگەری کـــوردیی لەشـــاری کەرکوکدا بەدوا دوایی ساڵەکانی پەنجا دابنێین" (٣)

## قۆناغی یەکەم (١٩٥٨-١٩٦٩)

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٥٨ بەڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم هۆکار و زەمینەیەکی سەرەکی بوو بۆ ڕەخساندنی دۆخێك کە کورد لەو شارە بتوانێ گوزارشت لەخۆی و کولتورەکەی بکات، دیارە ئەوە وەك دۆخە سیاسیەکە کە هۆکارێکی سەرەکی بووە، بەڵام هۆکارێکیتر ئەو هەوڵە سەرەتاییانە بووە بۆ شانۆ، کەبووە هۆی ئەوەی لەو زەمینە سیاسیە، ئەو ساڵە ببێتە هۆی لەدایکبوونی شانۆی کوردیمان لە ڕێگەی دامەزراندنی (تیپی هونەری خەبات) ئەم تیپە بە یەکەم تیپی شانۆیمان دادەنرێت، تەمەنێکی کورت و کەم بەرهەم، بەڵام سەرەتایەکی بەهێزە.

لەساڵی ١٩٥٨ دادەمەزرێت تەمەنی لەدووساڵ تێناپەڕێت لەم ماوەیەدا سێ بەرهەم نمایش دەکات، یەکەم شانۆگەری (فاڵچی) ١٩٥٨، دواتر لە ١٩٦٠ دوو کاری تر نمایش دەکەن ئەوانیش بریتین لە بانتۆمایمی (ژیان لەدوو دەورا) هەروەها شانۆگەری (شەوی کۆتایی) هەرسێ شانۆگەریەکەش لە دەرهێنانی (نوری هونەر) بوو، بەوەش دەبێتە یەکەم دەرهێنەری شانۆیمان لە شارەکە، لەگەڵ ئەو شانۆگەریانەدا هاوکات تیپێکی شانۆیی تر دامەزرا بەناوی (تیپی لاوانی کەرکوك) ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٥٩ شانۆگەری (شەوی کۆتایی) لە نووسینی (خالد دلێر) نمایش کردووە، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین بەپێی مێژووەکە دەبێت تیپی هونەری خەبات بەدوای ئەم نمایشە دوا کاری خۆیان



کردبێت، کە بەهەمان ناونیشان بووە، بەڵام ئاخۆ هەر ئەو دەقە شانۆیە بووە یاخود دەقێکی تربووە ئەوەیان بۆ ئێمە ڕوون نیە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کاتێ شانۆی کوردی لە شارەکانی وەکو هەولێر و سلێمانی گرفتی ڕەگەزی مێی هەبووە لە شانۆدا، ناچار پیاوان ڕۆڵی ئافرەتانیان بینیووە، کەچی شانۆی کەرکوك ئەو کێشەیەی نەبووە، ئەوەتا هەر لە تیپی هونەری خەبات چەندان کچە شانۆکاری وەکو "نەجلا شێخ بەکر و نازەنین بەکر و فەریدە حەسەن" ڕۆڵیان لە شانۆدا بینیووە، تەنانەت بابەتی شانۆگەریەکانیش بەدژی نەریتە دواکەوتووە کۆمەڵایەتیەکان دەرکەوتووە، دواتر لە کۆبوونەوەیەکدا کۆمەڵە کچێك لە ساڵی ١٩٦٠ شانۆگەریەك نمایش دەکەن کەسەرجەمیان کچ بوونە، ئەم شانۆگەریە دەقەکەی "باسی نووشتە و جادوو و ئافرەتی ساویلکە دەکات، کە بەڕای ئێمە ئەو چیرۆکە شانۆگەرییە لەوانەیە (ئافرەت و نوشتە) کەی مامۆستا کامیل ژیر بووبێ، ئەکتەرەکانیش هەموویان ئافرەت بوون" (٤)

لەخوێندنەوەمان بۆ ئەو مێژووە دەتوانین ئەو شانۆگەریە وەك کارێکی شانۆیی فێمێنیستی سەیر بکەین، فێمێنیستێکی بێئاگا، بەڵام لە دیدێکی قووڵی ڕەگەزێتیەوە، بۆیە ئەگەر باس لە شانۆی فێمێنیستی لە بزووتنەوەی شانۆی کوردی بکەین دەبێت ئەم کارە شانۆیە لەتەواوی شانۆی کوردی بەیەکەم هەوڵ دابنرێت.

لەلاپەڕەکانی ئەو ڕۆژگارەدا ئێمە ناوی نمایشێکیتر جگە لەو شانۆگەریانە نابینین، بەتایبەت کاتێ لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ کاتێ بەعسیەکان لەگەڵ عەبدولسەلام عارف حکومەتەکەی عەبدولکەریم دەڕووخێنن، شانۆی کوردی لەکەرکوك لەسەردەمێکی تاریك دەژییێت بەهۆی ئەوەی ئەو ئازادیە کولتوریەی وەدەستی دێنێت، لەدەستی دەدات، ڕۆژەکان تێدەپەڕن و ئاسۆیەکی تاریك بەرەو شانۆی ئێمە هەنگاو دەنێت، تاکو شۆڕشی چەکداری کوردی لە چالاکیەکانی خۆی دەگاتە لووتکە، ئەوە وا لەحکومەتی بەعس دەکات کە گفتوگۆ لەگەڵ شۆڕش بکات، بۆیە ماوەی گفتوگۆکە لە ١٩٧٠–١٩٧٤ دەبێتە هۆی ئەوەی قۆناغی دووەمی شانۆی کەرکوك دەست پێبکات. بەهۆی ئەوەی قۆناغی یەکەم بووە قۆناغی دامەزراندنی شانۆمان، ئەو قۆناغە ناو دەبەین بە قۆناغی (تیپی هونەری خەبات).



## قۆناغی دووەم (١٩٧٠-١٩٧٤)

بەیاننامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ ئاسۆیەکی ڕوون بوو بۆ قۆناغێکی نوێ کە بە (قۆناغی بنیاتنان) ناوی بەرین بەهۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا شانۆ توانیویەتی لە ئارەزوویەك لەو هونەرە بەرەو سەرەتایەکی ئاشنابوون بە هونەر شانۆ سەیر بکرێت بەهۆی ئەوەی کەسانی پسپۆڕی لە بوارەکە بۆخۆی تەرخان کردووە، دامەزراندنی (تیپی نواندنی مەشخەڵ) لە ١٩٧٠ توانیویەتی شانۆی کوردی لە سەردەمێکی گەشی ئەو ڕۆژگارە بخاتە ڕوو، هەروەها ڕۆڵی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لقی کەرکوك، لەپاڵ کردنەوەی لقی کەرکوکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی، کەتەواوی شانۆگەریەکانی ئەو قۆناغە بەرهەمی ئەو سێ گروپە شانۆیە بووە، لەساڵی ١٩٧٠ سێ شانۆگەری نمایش کراوە، کە سەرجەمیان بەرهەمی تیپی نواندنی مەشخەڵ بوون (دایکی شەهید نووسینی: مستەفا پەژار، دەرهێنانی: سەلمان فایەق) شانۆگەری (ئەمرەکەی بەگم) نووسینی: یوسف ئەلعانی لە دەرهێنانی (سەلمان فایەق)، (هەرچی کردی حەسیر کردی) ئەم نمایشە تیپی مەشخەڵ سەرپەرشتی کردووە، لەلایان قوتابخانەی ناوەندی ١١ ی ئاداری کچان نمایش کراوە، لەم ساڵەدا تێبینی ئەوە دەکەین جەخت کراوەتە سەر تێکستی شانۆیی، بەتایبەت تێکستی عەرەبی و کوردی و هەروەها هەوڵدان بۆ نووسینی تێکستی کوردی، کە لەگەڵ خەیاڵ و

دیدگای کارکردنی شانۆیی بگونجێت، ساڵی دواتر واتە ١٩٧١ نمایشە شانۆیەکان بەڕادەیەك زیادی کردووە، ئەوەتە ژمارەی شانۆگەریەکان گەیشتۆتە (١٠) شانۆگەری، بەتەنیا تیپی نواندنی مەشخەڵ (٦) شانۆگەری نمایش کردووە کە ئەمانەن (کچە لاڵەکە، نووسین و دەرهێنانی: سەلمان فایەق) و (ژیان، ئامادەکردنی: سەلمان فایەق) و (خاکمان، نووسین و دەرهێنانی: سەلمان فایەق) و (شۆڕشی نەورۆز، نووسینی: فەرەیدون عوسمان، دەرهێنانی: سەلمان فایەق) و (پێشمەرگە، نووسینی غەفور عوزێری، دەرهێنانی: سەلمان فایەق) هەروەها بۆ قوتابیانی ئامادەیی چەمی ڕێزان شانۆگەریەکیان نمایش کردووە بەناوی (برسیەتی، نووسینی: جەلیل زەنگەنە، دەرهێنانی: سەلمان فایەق) هەر لەم ساڵەدا لقی کەرکوکی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، دوو شانۆگەری نمایش کرد، یەکەمیان بەناوی (کاوەی ئاسنگەر) بوو، لە نووسین و دەرهێنانی: مەهدی ئومێد، ئەوەیتریش بەناوی (کۆتایی دەرەبەگ، نووسین و دەرهێنانی: سەلمان فایەق) هونەرمەند مەهدی ئومێد لەنووسین و دەرهێنانی خۆی شانۆگەری (خەباتی ئافرەتان) ی نمایش کردووە، لقی کەرکوکی کۆمەڵەی هونەر وێژەی کوردی یەکەم بەرهەمی شانۆیی خۆی لەم ساڵەدا پێشکەش کردووە بەناوی (کەبابخانەی خولە شەل) ئامادەکردنی جەمیل جێماو، لەکۆی بەرهەمەکانی ئەمساڵەدا، سەلمان فایەق



(٧) کاری دەرهێناوە، ئەوە جگە لەوەی کە چەند تێکستێکی شانۆیی نووسیوە، وەك چۆن (مەهدی ئومێد) یش پەنای بردۆتە بەر ئەو کارە، هەروەها ناوی چەند نووسەرێك بۆ نووسینی شانۆگەری دەبینین، ئەوانیش (فەرەیدون عوسمان، غەفور عوزێری) پێوانە بەم ساڵە، شانۆگەریەکانی ساڵی ١٩٧٢ کەمی کردووە، ئەمجارە تەواوی بەرهەمەکان بریتی بوونە لە (٥) شانۆگەری، تیپی نواندنی مەشخەڵ شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر) ی نمایش کردووە، ئامادەکردنی: جەلیل زەنگەنە و دەرهێنانی: سەلمان فایەق. هەروەها ئەو تیپە لەگەڵ قوتابخانەی ئامادەیی کچانی کوردستان، شانۆگەری (خێزانێکی شڵەژاو) ی پێشکەش کردووە، نووسینی: جەلیل زەنگەنە، دەرهێنانی: سەلمان فایەق، تەواوی ئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەریە کچ بوونە، هەروەها شانۆگەری (مەرەزە) ئامادەکردن و دەرهێنانی (جەلیل زەنگەنە)، ساڵی دواتر بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرا، شانۆگەری (داستانی هونەر) نووسین و دەرهێنانی (مەهدی ئومێد) شانۆگەری (بەهاری دزراو) هەر لەهەمان ساڵ نمایش کراوە، نووسینی عەدنان سەعید و دەرهێنانی سەلمان فایەق، ئەم شانۆگەریە بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لەسەر شانۆی ئامادەیی شۆریجە نمایشکراوە. ئەوەی لەم کارانە تێبینی دەکرێت سووربوونە لەسەر دەقی کوردی بەتایبەت دەبینین نووسەری تریش دەردەکەون ئەوانیش (جەلیل زەنگەنە، عەدنان سەعید) ساڵی

١٩٧٣ ئەو بزووتنەوە شانۆیە بەردەوام بووە، دیارترین کارەکتەرە سەرەکیەکانی بریتی بوونە لە (سەلمان فایەق، مەهدی ئومێد، جەلیل زەنگەنە) لەم ساڵەدا (٧) کاری شانۆیی پێشکەش کراوە، جارێکیتر لەو ساڵەدا تیپی نواندنی مەشخەڵ، لەسەر کارەکانی بەردەوام بووە، ئەمجارەیان (ڕێرەوی ژیان) ئامادەکردنی: جەلیل زەنگەنە، دەرهێنانی: سەلمان فایەق، پەیوەندی نووسین و دەرهێنان لەنێوان سەلمان فایەق و جەلیل زەنگەنە لە شانۆگەری (سواڵکەر) بەردەوام بووە، هەر لەو ساڵەدا سەلمان فایەق شانۆگەری (زیانی تووتن) ی چیخۆف نمایش دەکات، هەریەکە لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لەم ساڵەدا دوو بەرهەمیان نمایش کردووە، یەکێتی لاوان شانۆگەری (دڕك و داڵ) نووسین و دەرهێنانی: مەهدی ئومێد، هەروەها شانۆگەری (دکتۆر) نووسین و دەرهێنانی: سەلمان فایەق، کۆمەڵەی هونەر و وێژە لەم ساڵەدا بەبۆنەی جەژنی نەورۆز شانۆگەری (١-٢-٣) ی لە چەمچەماڵ نمایش کردووە، هەروەها لە مانگی نیسان شانۆگەری (تێکۆشانی مرۆڤ) ی لە قەرەهەنجیر نمایش کردووە، لێرەدا ئەوەی لەو ساڵەدا دەیبینین ئەوەیە کە ئاوڕ لەدەقی جیهانی دراوەتەوە، کە دەقێکی چیخۆفە ئەوەش هۆشیاری شانۆیی ئەو قۆناغە دەردەخات، لەپاڵ ئەوە لقی کەرکوکی کۆمەڵە



ویستوویەتی شانۆی کەرکوك بە شوێنەکانی تر ئاشنا بکات لەڕێگەی بردنی دوو شانۆگەری بۆ چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر.

ساڵی ١٩٧٤ ژمارەی کارەکان تەنیا (٤) شانۆگەری نمایش کراوە، (چاوی ڤێتنام) دەرهێنانی: سەلمان فایەق، شانۆگەری (بووکی بەفر) نووسین و دەرهێنانی: مەهدی ئومێد، هەروەها لەدرێژەی چالاکیە شانۆیەکانیدا یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لقی کەرکوك، شانۆگەری (گۆمەزێك لە دووکەڵ) ی نمایش کردووە، نووسین و دەرهێنانی: مەهدی ئومێد، دوا شانۆگەری ئەم ساڵە بریتی بووە لە (تەقینەوە) ئامادەکردنی: عەلی کەریم، دەرهێنانی: سەلمان فایەق، بەرهەمی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی، کە بەم کارە بەشداری فێستڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا کردووە، تیایدا خەڵاتی باشترین نمایش و دەرهێنان و نواندنی بردۆتەوە، ئەوەش یەکەم بەشداری شانۆی کەرکوك بووە لە فێستڤاڵی شانۆیی، لەبارەی ئەم نمایشەوە (یادگار محەمەد) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بۆ یەکەمجار بوو لەمێژووی بزووتنەوەی شانۆی کوردی توانرابوو بینراوی سینەمایی بهێنرێتە ناو شانۆ.

بەم خەڵاتە قۆناغێکیتر لە شانۆی کوردی کۆتایی دێت، بەهۆی ئەوەی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەتی عیراقی بە شکست کۆتایی دێت و شۆڕش دەچێتەوە شاخ، بەعس کۆنتڕۆڵی تەواوی دامەزراوەکانی کەرکوك دەکات، مۆڵەتی کارکردن لە کۆمەڵەی

هونەر و وێژەی کوردی دەسەنێتەوە، ئەو دوو تیپەی تر کە بەرهەمی شۆڕشن هەڵدەوەشێنەوە، هەریەکە لەو شانۆکارانەی کە کاریان کردووە ناچار کەرکوك بەجێ دێڵن و بەرەو شارەکانی تری کوردستان درێژە بە چالاکی شانۆیی دەدەن، بۆیە لە تێبینی و خوێندنەوەمان بۆ قۆناغی بنیاتنان ئەو قۆناغە قۆناغی تیپی نواندنی مەشخەڵ بووە.

ئەوەی سەیرە، ئەو قۆناغە بەچوار ساڵ کۆتایی دێت، نەتوانرا بە بەڵگە (١٦) ساڵی دواتر بسەلمێنرێ کە ئایا چەند کاری شانۆیی کوردی کراوە، چونکە هەندێك تیپی شانۆیی هەبووە، بەڵام کارەکانی بە عەرەبی یا تورکمانی پێشکەش کردووە، لەنموونەی (تیپی شانۆی چاو) ئەو تیپە سەرباری کارکردنی بەعەرەبی کارەکانی زیاتر مۆرکێکی ئاینی وەرگرتووە، سەرجەم ئەم کارانەش بەزمانی عەرەبی بووە، ئەگەرچی ساڵی ١٩٨٨ کارێکیان بەزمانی کوردی نمایش کردووە بەناوی (هەڵهاتووان) لە دەرهێنانی (مەریوان زەنگەنە) بەهۆی ئەوەی کارەکانی ئەو تیپە مۆرکێکی ئاینی گرتۆتە خۆی، هەر بۆیە نمایشەکەشیان لە مزگەوتی ئیسکان پێشکەش کردووە. لەبارەی بیرۆکەی ئەم شانۆگەریە مەریوان زەنگەنە دەڵێت: سێ لاو هەریەك لەبارودۆخێك دەژین، لەبەر هەرهۆیەك وڵات بەجێ دێڵن، لەدەستدانی باوەڕ وا لە مرۆڤ دەکات هەموو ژیانی لەبەرچاودا



ڕەش بێت و بیەوێ هەڵبسێ بەرەو دواڕۆژێکی دیاری نەکراو، لەبڕی ئەوەی هەوڵ بدات واقیعەکەی خۆی بگۆڕێت.

دیارە هەر لەو قۆناغە تا ساڵی ١٩٨٦ هەندێك کاریتر لەلایان هەندێکەوە باس دەکرێت کە لە گازینۆی (منەوەرە) کراوە، بەڵام ئەوانە تەنها لە ئاستی قسەکرن بووە و هیچ بەڵگەیەکمان بۆ ئەو ماوەیە بەدەستەوە نیە، لەو ماوەیە ئیدی کاری شانۆیی بوونی نەماوە، جگە لەهەوڵی خوێندکاران نەبێت، تاوەکو ساڵی ١٩٩١ کە قۆناغی سێیەمی ئەم شانۆیە دەست پێدەکات.

## قۆناغی سێیەم (١٩٩١— ٢٠٠٢)

گۆڕانێکی سیاسی نویٚ ڕوویدا، عیراق هێرشی کردە سەر کوێت و هێزی هاوپەیمانان بە شەرمەزاریەوە ڕاویان نا، ڕاپەڕینی کورد و شیعە تەواوی عیراقی گرتەوە، ڕاپەڕین هاتە کەرکوك و دامەزراوەکانی بەعسی تێکنا، لەپڕ ئەمریکا دەرفەتی دایەوە بەعس شارەکان بگرێتەوە، دەرفەت تاڕادەیەك درایەوە کاری شانۆیی، بەڵام لەچوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت، بۆیە ئەو کارە شانۆیانە مۆڵەتیان پێنەدراوە ئەگەر لەژێر چاودێری ڕابیتەی شانۆی عیراقی لقی کەرکوك نەبێت، دامەزراندنی تیپی شانۆی ئاشتی لەم قۆناغەدا ڕۆڵی هیچی کەمتر نەبووە لە ڕۆڵی تیپی نواندنی مەشخەڵ لە هەفتاکان، ئەم قۆناغە دەتوانین وا ناوی بەرین (قۆناغی داکۆکیکردن لە کوردبوون) بۆیە ئەوە شەڕکردنە لەسەر کورد بوون لەڕێگەی شانۆوە، زۆربەی هونەرمەندانی شارەکە ویستویانە بەشداری لەکاری شانۆیی بکەن، ئەگەرچی ئاستی کارەکان لەو ئاستە هونەریەش نەبووبێت، وەك لەو هەواڵە ڕۆژنامەنووسیانە دەردەکەوێت، کە کارەکان لە ئاستی پێویست نەبوونە، یاخود زیاتر کارگەلێك بوونە لە شانۆی کۆمیدی، ئەوەش زیاتر دەرفەتی پێدراوە، بۆ ئەوەی بینەر سەرگەرمی پێکەنین بکات و ڕێگا نەدات شانۆیەك هەبێت گفتوگۆ لەتەك فیکر و مەعریفەی عەقڵی بینەر بکات، تیپی شانۆی ئاشتی لەم ڕۆژگارەدا لە ڕۆژی ١٩٩١/١١/٢٣ بوونی



خۆی ڕاگەیاند بە شانۆگەری (حاجی یادگار) شانۆگەریەکە لە نوسینی (ئەیوب ئەبو زێد) دەرهێنانی (سەلاّح شوانی) بوو، ئەو تیپە ئەگەرچی سەرەتا کەمبەرهەم بووە بەڕادەی ئەوەی تا ساڵێکی تر هیچ بەرهەمێکی نەبووە، تاوەکو لە ١٩٩٢/١١/٢٣ شانۆگەری (دکتۆری قۆڵبڕ) ی نمایش کرد لە دەرهێنانی (سەلاّح شوانی)، ئەو نەریتەی ئەو تیپە بەردەوام بووە تاوەکو لە ١٩٩٣/١١/١٧ جارێکیتر بە شانۆگەری (بازاڕی کچ فرۆشتن) گەڕاوەتەوە، ئەم شانۆگەریە، وەك هەمیشە لە نووسین و دەرهێنانی (سەلاّح شوانی) بوو، دیارە لەو ساڵانەدا تەنیا بەرهەمەکانی ئەو تیپە بینراوە، بۆ ساڵی داهاتوو گۆڕانێك لەو تیپە ڕوویداوە بەوەی ئیدی تاکە بەرهەمێك لە ساڵێکدا تینویەتیان نەشکێنێت، لەو ساڵەدا ئەم شانۆگەریانەیان پێشکەش کردووە، لەسەرەتای ئەم ساڵە شانۆگەری (کەبابخانەی عەبە فەرتەنە) نوسینی: (سەلاّح شوانی) دەرهێنانی (سیروان بێلانە)، بەم شانۆگەریەش دەرهێنەرێکیتر بۆ تیپەکە لەدایك بوو، بوونی دوو دەرهێنەر بۆخۆی هۆکارێکیتری فرە بەرهەمی بووە، ڕۆژی ١٩٩٤/٤/٢٤ بەهاوکاری تیپی شانۆی حاجی، شانۆگەری (قەسرەکە) یان نمایش کردووە، نووسین و دەرهێنانی (ئومێد حاجی) ئەم شانۆگەریە لە باخچەی کەرکوك نمایش کراوە، لە ١٤ ی ئەیلولی هەمان ساڵ شانۆگەری (ئاغای زۆردار) نووسینی (چالاك زەنگەنە) و دەرهێنانی (سیروان بێلانە) دوو مانگ دوای

ئەم کارە جارێکیتر تیپەکە شانۆگەریەکی تری نمایش کرد بەناوی (کۆمپانیای بەتڕان) نووسینی (سەلاّح شوانی) و دەرهێنانی (سیروان بێلانە) لەگەڵ کارە بەردەوامەکانی تیپی شانۆی ئاشتی، تیپی شانۆی حاجی کە چەند کارێکی پێشکەش کردووە، لەوانە (عەریزە نووس و وێنەگر)، نووسینی: فواد هاشم، دەرهێنانی: ئومێد حاجی، هەروەها شانۆگەری (زیانی تووتن) ی چیخۆف، دەرهێنانی: ئومێد حاجی، دواتر تیپەکە ناوی بووە بە تیپی شانۆی هاوڕێیان، بەداخەوە ئێمە بەرهەمەکانی ئەو تیپەمان دەست نەکەوت، ئەوانەی ئەندامی ئەو تیپەشن، داوامان لێکردن بەلاّم دیار بوو بەپیر بانگەوازەکەمانەوە نەهاتن، بەلاّم دیارە ئەو تیپە بەشێکی دیاری کارەکانی لەچوارچێوەی ئاهەنگەکانی پەیمانگای هونەری کەرکوک نمایش کردووە، لە لاپەڕەی گۆڤارێکی ئەو قۆناغە نووسراوە "بەردەوامن لە خزمەتکردنی هونەری شانۆی کوردی ئەویش بە پێش کردنی دەیەها دیاردە و نمایش کە هەر هەموویان دەربارەی کێشەکانی کۆمەڵ بوون" (٥)

هەر ئەمساڵە تیپێکیتر دامەزرا بەناوی (تیپی شانۆی نیزاڵ) (٦) ئەو تیپە شانۆگەری (دەعوەتەکەی وەستا کشمیش) ی پێشکەش کردووە، نووسینی (ووریا شەهاب) دەرهێنانی (دلێر کوردۆست) ئەو تیپە لەکارەکانی بەردەوام بووە، بەلاّم کەمتر بەرەو کاری شانۆیی ڕۆیشتووە، زیاتر ئیشکردن بووە لەسەر دیاردەی



کۆمەلاّیەتی لەڕێگەی نواندنەوە، ئەوەش زۆربەی جار لە ئاهەنگەکان دەرکەوتوون، لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵێك کاریان پێشکەش کردووە، بەلاّم وەك شانۆکارانی ئەو قۆناغە باسی دەکەن دوور بوونە لە نمایشی شانۆیی، ئەوە جگە لەوەی لە ٢٠٠٠-٢٠٠٢ بە دانپیانانی خۆیان کارەکانیان لە قوتابخانەکان پێشکەش کردووە، لەساڵی دواتر واتە لە ١٩٩٥ تیپێکیتر دامەزرا بەناوی (تیپی نواندنی کەرکوك) ئەگەرچی سەرەتا تیپەکە ناوی (تیپی نواندنی کەناڵی کوردی تەلەفزیۆنی تەئمیم) بووە، دیارە هەر لەمساڵەدا فێستڤاڵی یەکەمی کەرکوکی شانۆیی، سازکراوە لەلایان نقابەی شانۆکارانی عیراق- لقی کەرکوك، ئێمە ناوی هیچ بەرهەمێکمان دەست نەکەوت، جگە لەو شانۆگەریەی تیپی ئاشتی کە بەناوی (جیوە) ئامادەکردن ودەرهێنانی (فارس عەلوان)، ساڵی ١٩٩٦ تیپەکە چەند بەرهەمێکیتری نمایش کرد لەوانە لە ١٩٩٦/٢/٢٢ شانۆگەری (پرسیار) نووسینی (سەلاّح شوانی) و دەرهێنانی (سیروان بێلانە)، لە ١٩٩٦/٣/١٤ لە چوارچێوەی فێستڤاڵی چوارەمی شانۆی لاوان، شانۆگەری فایلی ٦٧ نووسینی: ئیسماعیل فەهد ئیسماعیل، دەرهێنانی: قاسم غەمگین، لە ١٩٩٦/١٠/١٣ شانۆگەری (حیکایەت) نووسینی: حسین زیاب، دەرهێنانی: هیشام نازم، ئەم ساڵانە سەرەتایەکی پتەو بوو بۆ دەسپێکردنەوە و وەلاّمێکیش بووە بۆ ئەو بێدەنگیەی چەندین ساڵی خایاندووە، بەتایبەت بۆ ساڵانی

هەشتاکان، هەر بۆ ڕاستی ئەو قسەیەمان لەبارەی بێدەنگی
ساڵانی هەشتاکان ئەوەتە نووسەرێك دەڵێت " کەچی ئەم لایەنە
هونەریەی کە فەرامۆش کرابێت زیاتریش لە کەرکوك لەکۆتایی
هەشتاکانەوە هەتا ئەم یەك دووساڵەی دوایی هونەری شانۆگەری
و نواندنە" (٧) تیپی نواندنی کەرکوك لە ساڵی ١٩٩٧ یەکەم
بەرهەمی خۆی نمایش کرد بەناوی (پەشیمانی) نووسینی:
سەباح زاهیر، دەرهێنانی: عادل عەبدوڵڵا، تیپی شانۆی ئاشتی
لەم ساڵەدا ئەو بەرهەمانەی پێشکەش کرد، لە ١٩٩٧/٣/١١
شانۆگەری (ئوتێلی نمرە بیست) نووسینی: کەریم زەمەد،
دەرهێنانی: عەباس عەلی، لەپەیوەندیەکی ڕۆژنامەوانیدا
دەرهێنەری ئەم شانۆگەریە سەرەتا دوو دڵی خۆی لەبارەی ئەم
کارە دەربڕیووە، بەهۆی ئەوەی کەبینەرێکی زۆر بەرەو ڕووی
کارەکەی نەیەت، بەڵام بەدوای نمایشەکە ئەو ترسەی نەماوە،
ئەمجارە دەگاتە ئەوەی بڵێت "تاکو ڕادەیەك ئەڵێم شانۆگەریەکە
باش بوو ئەمەش بۆیەکەمجارە شانۆگەریەکی کوردی ئاوا
پێشکەش بە جەماوەر بکەن، لەئاستێکی گەورە.. ئەکتەرەکان
هەڵەیان هەبوو، بەڵام لەڕۆژانی دوایی کەخۆم شانۆگەریەکەم
بەسەر کردەوە توانیان هەڵەکان ڕاست بکەنەوە" (٨) هەر هەمان
شانۆگەری ڕۆژی ١٩٩٧/٤/١٨ نمایش کرایەوە، بەڵام ئەمجارەیان
لە دەرهێنانی (سەلاح شوانی) بوو، شانۆگەریەکە باسی لە گرفتی
ئوتێلێکە کە خاوەن ئوتێل بایەخ بە پاکی ئوتێلەکەی نادات،



بەکورتی ڕووداوەکان لەبارەی ئۆتێلێکی پیسەوەیە، ئەوە جگە
لەوەی کاری قومارچێتی و قاچاغ لەوێ بەڕێوە دەچێت، دیارە
کاتێ بە قسەکانی عەباس عەلی دەچینەوە پێشبینی ئەوە
دەکەین کە پێشتر کارەکە هەر ئەوەی سەلاح شوانی بووە کە
ڕێگەی نەدراوە بەناوی ئەو نمایش بکرێت، دەنا کەی ڕەوایە
هەمان دەق مانگێکیتر بەهەمان ستاڤی ئەکتەر جارێکیتر
دەربهێندرێتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی دەبێ سەلاح شوانی پێشتر
کاری تیا کردبێت، کە کارەکە هاتبێتە بەردەستی عەباس عەلی
زۆر شتی بەدڵ نەبووبێت، دەنا عەباس بۆچی دەڵێت " بەڵام
لەڕۆژانی دوایی کەخۆم شانۆگەریەکەم بەسەر کردەوە توانیان
هەڵەکان ڕاست بکەنەوە" هەر ئەم ساڵە تیپەکە دوو کاری تری
پێشکەش کرد ئەوانیش، ڕۆژی ١٩٩٧/٥/١٥ شانۆگەری
(فرمێسکی هەڵە) دەرهێنانی: سەلاح شوانی لەهۆڵی کۆمەڵەی
ڕۆشنبیری کوردی/ بەغدا، ئەم نمایشە بەهاوکاری کۆمەڵەی
ڕۆشنبیری کوردی بوو، لە ١٩٩٧/١٠/٣٠ شانۆگەری (افول)
نووسینی: رعد موتەشەر دەرهێنانی: هادی عەسکەر،
لەچوارچێوەی فێستڤاڵی شانۆی لاوان، لەسەر شانۆی رەبیع لە
موسڵ، لەساڵی ١٩٩٨ تیپێکی شانۆیی تر دامەزراوە بەناوی
(تیپی شانۆی پەیمانگای هونەری کەرکوك) بەڵام ئەو تیپە زیاتر
چالاکیەکانی لەسنوری پەیمانگاکەی دەرنەچووە، کارەکان تەنیا
بۆ خوێندکاران و مامۆستایان نمایش کراوە، بەپێی ئەو بەڵگە و

وێنانەی کە لەبەردەستدان کارەکان زیاتر لە باخچە و بە لاقیتە پێشکەش کراون، ئەوەش تەنیا بۆ شێوەیەکی کۆمیدی بووە کە جۆرە کارێك بووە کە لەگەڵ ئاهەنگەکاندا بگونجێت، لەپاڵ ئەوەدا تیپەکە توانیویەتی لەچەند کارێك لەدەرەوەی پەیمانگا بەشداری بکات، ئێمە تەنیا دەتوانین ئەو کارانە وەك بەرهەمی شانۆیی سەیری بکەین کە لەچوارچێوەی پەیمانگا هاتۆتە دەرەوە.

تیپی نواندنی کەرکوك لە ١٩٩٨ شانۆیی (پوولەکی) ی نمایش کردووە نووسینی: شوکر ساڵەیی، دەرهێنانی: هاشم زینەل، لەپاڵ ئەو کارانە تیپی شانۆی ئاشتی لەبەرهەمەکانی نەوەستاوە و بەردەوام بووە، ئەو دوو کارەی نمایش کردووە: لە ١٩٩٨/١٠/٢٧ شانۆگەری (هەتاکەی) نووسین ودەرهێنانی: محەمەد خزر، لەم شانۆگەریەدا بەهۆی ئەوەی چەند جارێك کارەبا کوژاوەتەوە ناچار لەژێر ڕۆشنایی مۆم و چرا نمایش کراوە. لە ١٩٩٨/١٢/٨ شانۆگەری (باڕێژە) نووسین و دەرهێنانی: سیروان بێلانە، ئەم نمایشە وەك لەپۆستەرەکەدا هاتووە لەژێر چاودێری (رابیتەی شانۆکارانی لاو) بووە، لە ٢/٢٦/ ٢٠٠٠ لەژێر چاودێری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا نمایش کراوەتەوە، بێلانە لەووتەیەکدا کە لەڤۆڵدەری شانۆگەریەکە نووسیویەتی دەڵێت "دایکە هەرکاتێ خەون ئەبینم بێمە سەر گۆڕەکەت هەست بەدڵنیایی دەکەم، بەڵام چیبکەم گەر زریان



گۆڕەکەتی لەناودا لەسەر سینگی کێ بگریم" لە ساڵی ١٩٩٩ تیپی نواندنی کەرکوك کۆمەڵێك نمایشی پێشکەش کردووە، ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢ لە ڕۆژانی جەژنی قوربان، شانۆگەری (بش فڕێ هەربزنە) نووسین و دەرهێنانی (محەمەد خزر)، بەدوای ئەو بەرهەمە شانۆگەری (چاو بەچاو دەکەوێتەوە) نووسینی: محەمەد عەزیز، دەرهێنانی: عادل عەبدوللاّ، نووسەرەکەی لەبارەی ئەم کارەوە دەڵێت "درامایەکی کۆمەڵایەتیە، ڕابردوو ئێستای لێکداوە و لەو ڕوانینەوە دواوە لەڕۆژێکی گەشدا چارەسەری بۆ گرێ و حبکەکان داناوە، لەبەرهەمەکانی پێشوو جوێتر و جیاوازترە" (٩) هەر لەم ساڵەدا فێستڤاڵی یەکەمی شانۆی کوردی سازکرا، تیپی نواندنی کەرکوك لە ١٩٩٩/٥/٩، شانۆگەری (کەللە سەر) ی نمایش کرد، نووسینی: محەمەد خزر، دەرهێنانی: عادل چاوشین، لەووتەیەکدا دەرهێنەر دەڵێت "هونەر مردن قەدەغە دەکات و شانۆ نەمری دەدات بە ڕۆڵەکانی، وادەکەین ژیان ئەلتەرناتیڤ بیت بۆ مردن تاوەکو شانۆ وێران نەبێت، شانۆکاران ناکۆکیەکان وێرانیان کردین" تیپی پەیمانگای هونەری شانۆگەری (لەپێناوی چی) ئامادەکردنی (قانع فایەق) دەرهێنانی (سالار عوسمان) نمایش کرد، هەروەها لەدرێژەی بەرهەمەکانی ئەم فێستڤاڵە نقابەی هونەرمەندانی عیراق– لقی کەرکوك، دوو شانۆگەری نمایش کردووە یەکەمیان بەناوی: (فس فس پاڵەوان) لە دەرهێنانی: عارف مەعروف،

بەرهەمەکەی تریش (یاریەکی ئازاراوی) نووسینی: یوسف ئەلعانی، وەرگێڕانی: نەوزاد کاکەیی، دەرهێنانی: عارف مەعروف، تیپی شانۆی هاوڕێیان بە شانۆگەری (چراوگ) لەم فێستڤاڵە بەشدار بووە لە دەرهێنانی (محەمەد زەنگەنە). هەروەها تیپی شانۆی ئاشتی، مۆنۆدرامایەکی نمایش کردووە، بەناوی (ڕووبار) لە ئامادەکردن و دەرهێنانی: سەلاّح شوانی، نواندنی: چالاك زەنگەنە.

لەدرێژەی بەرهەمەکانی ئەم ساڵەدا شانۆگەری (نەخۆشی لەبیرچوون) دەرهێنانی: عارف مەعروف نمایش کراوە، هەروەها لقی کەرکوکی نقابەی هونەرمەندان ئەم دوو شانۆگەریەی نمایش کردووە، شانۆگەری (کازێوە) ئامادەکردن و دەرهێنانی: سەلاّح شوانی، هەروەها شانۆگەری (چیم لەدەست دێ) نووسین و دەرهێنانی: سەلاّح شوانی، تیپی شانۆی ئاشتی وەك چۆن لەگەڵ دامەزراندنیەوە بەرهەمەکانی بەردەوامی هەبووە، ئەوە لەگەڵ چالاك بوونی بزووتنەوە شانۆیەکە ئەوانیش لەڕووی بەرهەمەوە چالاکتر بوونە، ئەم ساڵە ئەو شانۆگەریانەیان نمایش کردووە: لە ١٩٩٩/١/٧ شانۆگەری (لووتکەی نهێنی) شانۆیەکی مۆنۆدرامی بوو لە نووسین و دەرهێنانی: محمد خزر و نواندنی: سیروان بێلانە، لەڤۆڵدەری ئەم شانۆگەریە نووسراوە "کاتێ هەژار دەبێت بە پرد.. چۆن کەسانێکی خۆپەرست لەپێناوی مەبەستە گلاّوەکانی خۆیان.. چەندین هەژار دەکەن بە قوربانی پارە" لە



١٩٩٩/٣/١٢ شانۆگەری (ئەوە نیت) نووسین و دەرهێنانی: سەلاّح شوانی، لەبارەی ئەم نمایشەوە نووسەرێك لەگۆشەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا چەند سەرنجێکی سادەی لەسەر کاری دەرهێنان دەربڕیووە تیایدا سەرەتای ئەم شانۆگەریە لەدیمەنی حەس حەسەکانی چیرۆکی تەمسیلی (پژمین) ی دێنێتەوە یاد، کەچۆن لەچلەی ززستاندا مامەلە لەگەڵ ئیشك گری دەکەن، ئینجا دێتە سەر ئەوەی بڵێت "باشە وابێت وەزعی شانۆگەریەکە ززستانە و دەبێت ئەکتەرەکان هەموویان جل و بەرگی زستان بکەنە بەر، لێرەدا بەنیوەی شەو لەدیمەنی حەس حەسەکان ئەکتەر زانیار قەلاّوێزی کەدەوری مالەی بینی بەتۆی کراسێکەوە بوو تاکو کۆتایی شانۆگەریەکە جگە لەوەی قۆڵی هەڵکردبوو، ئەمە جگە لەوانەی دی کەلەناو زیندانەکە بوون بەتۆی کراسێکەوە....." (١٠) لە ١٩٩٩/٣/١٥ مۆنۆدرامای (ڕۆژێکی نوێ) یان نمایش کردووە، لەنووسینی: ئەمین بەکر و نواندن و دەرهێنانی: سیروان بێلانە، لە ١٩٩٩/٤/١٥ تیپەکە شانۆگەری (خوا وەکیلە) ی پێشکەش کرد، نووسین و دەرهێنانی: سەلاّح شوانی. لە شەشەمین ڕۆژی تەموزی هەمان ساڵ، کارێکی تری مۆنۆدرامی نمایش کردووە بەناوی (شۆستەی برینەکانم) لە نووسین و نواندن و دەرهێنانی: سیروان بێلانە، کە بۆ نووسینی ئەم دەقە نووسەر پشتی بە چەند دەقە شیعرێکی حەسیب قەرەداغی بەستووە، لەپۆستەری شانۆگەریەکەدا نووسراوە

"کوێره دێ نیم.. من شارێکی ئاوەدانم دەنگم دەگاتە گشت شارێ وەکو سروودی........؟" ئەم ووتەیە دەنگێکی شانۆیی ئەم شارەیە کە لەو ڕۆژگارەدا دەیەوێ بوونی خۆی بسەلمێنێت و شانۆی کەرکوك وەك پەراوێز تەماشا نەکرێت، ئەمڕۆ کە لاپەڕەکانی ئەم مێژووە هەڵدەدەینەوە پێویستە بە ڕێزەوە سەیری ئەو هەولانە بکەین لەگەڵ ئەوەی چاوپۆشی لە ئاستی لاوازی بزووتنەوە شانۆیەکە ناکەین. هەر لەو ساڵەدا تیپەکە ئەم کارانەی نمایش کردووە، شانۆگەری (سێبەری کەرەکە) نووسینی: دۆرینمات و ئامادەکردن و دەرهێنانی: سەلاح شوانی، لە ١٩٩٩/٨/١ لەچوارچێوەی حەوتەمین فێستڤاڵی شانۆی لاوان، لەهۆڵی رەوابتی لاوان لە بەغدا، شانۆگەری (پەشیمانی) نووسین و دەرهێنانی: محمد خزر، شانۆگەری (ئیتر بەسە) نووسینی: سیروان بێلانە، دەرهێنانی: راویە جەبار، شانۆگەری (وون بووەکان) نووسین و دەرهێنانی: سەلاح شوانی، لەدواین ڕۆژی کانونی یەکەم وەك دوا ڕۆژی ئەمساڵە و نووسراوە (دوا شانۆگەری سەدەی بیستەم لەکەرکوك) شانۆگەری (موژدەیەکی ڕەشپۆش) یان پێشکەش کردووە، نووسین و دەرهێنانی: سیروان بێلانە، لەپۆستەری شانۆگەریەکە نوسراوە مۆنۆدراما، بەلام شانۆگەریەکە دووئەکتەر ڕۆڵیان تیا بینیووە، ئەوانیش سیروان بێلانە و کاردۆ بوونە.



لەساڵی ٢٠٠٠ تیپی شانۆی ئاشتی لەسەر چالاکیەکانی بەردەوام بووە، لەم ساڵەدا (٣) شانۆگەری نمایش کردووە، لە نۆیەمین ڕۆژی ساڵی نوێ، شانۆگەری (سەعەی پارێزەر و ..؟!) نووسین و دەرهێنانی: سەلاح شوانی، ئەم شانۆگەریە لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان نمایش کراوە، بەهۆی ئەوەی شانۆگەریەکە کۆمیدی بووە و وەك پێشوازیەك بۆ جەژن و هاتنی بینەران بەرەو ئەو شانۆیە لەجەژندا پێشکەش کراوە، هەر لەو مانگەدا، شانۆگەری (بێخەمی ناو بەرمیلەکە) یان پێشکەش کردووە، نووسینی: ئەنگیل کرالی جێف، ئامادەکردنی: عومەر عەلی ئەمین، دەرهێنانی: سیروان بێلانە، لە ٢٠٠٠/١١/٢٠ مۆنۆدرامای (گەمەی کۆتر) نووسینی: رەعد موتەشەر، نواندن و دەرهێنانی: سیروان بێلانە، کاردۆ محەمەد بەدەنگ بەشداری تیا کردووە، لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان شانۆگەری (بەخوا سەیرە) دەرهێنانی: سیروان بێلانە، لە ساڵی ٢٠٠١ (٧) شانۆگەریان نمایش کردووە، ئەوانیش: شانۆگەری (مەرگەساتی هەملع) نووسینی: محمد خزر، نواندن ودەرهێنانی: سیروان بێلانە، مۆسیقای شانۆگەریەکە هەڵبژاردەیەك بووە لە ئاوازەکانی کازم ساهر، شانۆگەری (تۆ بەس وەرە) دەرهێنانی: سیروان بێلانە، ئەم شانۆگەریە لەڕۆژانی جەژنی قوربان لەهۆڵی ریحاب نمایشکراوە، لەچوارچێوەی فێستڤاڵی نۆیەمی شانۆی لاوان ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٤ لەهۆڵی مەڵبەندی لاوانی کەرکوك، شانۆگەری (مەزادی خوێن)

نمایش کراوه، نووسینی: نادیه جۆرانی، دەرهێنانی: سیروان بێلانه، له ۲۰۰۱/۷/۱ شانۆگەری (چیایی) نووسینی: محەمەد خزر، دەرهێنانی: سیروان بێلانه، مۆنۆدرامای (مەرگی بولبول) نووسینی: ئیسماعیل ئەکبەر، نواندن و دەرهێنانی: کاردۆ محمد، شانۆگەری (وانابێ) شانۆگەریەکی کۆمیدیه ڕۆژی ۲۰۰۱/۸/۱ لەهۆڵی ڕیحاب نمایش کراوه لێی نووسراوه، نووسین و دەرهێنانی: تیپی ئاشتی، لەساڵیادی دەیەمی دامەزراندنی تیپەکه ڕۆژی ۲۰۰۱/۱۱/۲۳، شانۆگەری (ڕاکردن له .....؟!) نووسین و دەرهێنانی: سیروان بێلانه، هەروەها (تیپی نواندنی کەرکوك) دوو شانۆگەری لەم ساڵەدا پێشکەش کردووه: (منداڵی زیرەك) دەرهێنانی: عارف مەعروف، شانۆگەری (ئەمریکا) دەرهێنانی: عادل عەبدوللا.

لەساڵی ۲۰۰۲ دیداری دووەمی شانۆی کەرکوك ساز کراوه، ئەم دیداره لەلایان ڕابیتەی شانۆی لاوان بەڕێوەچووه، که لەو ڕۆژگارەدا هەر کارێکی شانۆیی لەژێر چاودێری ئەو رابیتەیه نەبووبێت ڕێگای نمایش کردنی نەدراوه، ئەوەش وەك کۆنتڕۆڵ و دیسپلینی چالاکیه شانۆیەکان، هەروەك دەبینین دیدارەکه ناونراوه "دیداری لاوانی قادسیەی سەددام له دیداری دووەمی شانۆی کەرکوك" هەر بۆیه هاوکاتیش کراوه لەگەڵ یادی ۱۷–۳۰ تەموزی بەعس، بەبەڵگەی ئەوەی لەڕۆژنامەیەکدا لەژێرناونیشانی (لاوانی تەئمیم بۆجەژنەکانی تەموز ئاهەنگ



دەگێڕن) لەهەواڵەکەدا نووسراوه "بەبۆنەی ئاهەنگەکانی گەلەکەمان بەیادی ۳٤ ساڵەی شۆڕشی ۱۷–۳۰ ی تەموزی مەزن، رابیتەی شانۆی لاوان سەر به ئەنجومەنی لاوانی کەرکوك لەهۆڵی لاوانی قادسیەی سەددام له شاری کەرکوك دیداری دووەمی شانۆی کەرکوك ساز دەکات، سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت، تیایدا نوخبەیەك له شانۆکارانی لاو کاره شانۆیەکانیان پێشکەش دەکەن" (۱۱) ئەم دیداره ٥ نمایشی شانۆیی گرتبووه خۆی، شانۆی کوردی لەم دیدارەدا بەدوو بەرهەم بەشدار بووه ئەوانیش (گەڕان بەدوای خود) نوسینی عارف مەعروف و دەرهێنانی عادل چاوشین، هەروەها تیپی شانۆی ئاشتی، شانۆگەری (تخوبەکانی ترس) ی نمایش کردووه، نووسینی: کاردۆ، دەرهێنانی: سیروان بێلانه، نواندنی: سیروان و کاردۆ.

هەر لەم ساڵەدا تیپی شانۆی ئاشتی کۆمەڵێك شانۆگەری تری نمایش کردووه وئەوانیش بریتین لەو بەرهەمانه: ڕۆژی ۲۰۰۲/۳/۲۰ لەهۆڵی ڕەبیع له موسڵ مۆنۆدرامای (هەدیل) نووسینی: ڕەعد موتەشەر، دەرهێنانی: محمد خزر، نواندنی: سیروان بێلانه، لەژێر چاودێری (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی) لەبەغدا، ڕۆژی ۲۰۰۲/۳/۱٦ شانۆگەری (ڕەهەند) یان نمایش کردووه، نووسینی: عارف مەعروف و نواندن و دەرهێنانی: سیروان بێلانه، شانۆگەری (گۆرانی ماڵئاوایی) نووسینی: چیخۆف، ئامادەکردنی: وەلید عەباس، نواندنی: سەلام زەنگەنه،

دەرهێنانی: محەمەد خزر، لە ١١ یەمینساڵیادی تیپەکە ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/٢٣، شانۆگەری (کۆچپێکردنی خۆزگەکان) نووسینی: هێلین کیلەر، ئامادەو دەرهێنانی: سیروان بێلانە، نواندنی: کاردۆ و بێلانە.

بەم شێوەیە قۆناغی سێیەمی بزووتنەوەی شانۆی کوردی لە کەرکوك کۆتایی دێت، کە قۆناغێکە بەبێ دوودڵی بە قۆناغی تیپی شانۆی ئاشتی ناوی دەبەین، چونکە لە کۆی (٦١) شانۆگەری (٣٥) شانۆگەری بەرهەمی ئەو تیپە بووە، ئەوەی لەئاستی گشتی تێبینی دەکەین ئەوەیە کە نووسەرانی شانۆ بوونیان هەبووە و کارەکانیان دەرهێنراوە چ لەلایان خۆیانەوە یا دەرهێنەرانی ترەوە، کە خۆشیان شانۆکار بوونە ئەوانیش (محەمەد خزر، کاردۆ، عارف مەعروف، سیروان بێلانە) ئەوەش وای کردووە بەپێی پێداویستی شانۆکەیان دەق بنووسن، لەو ماوەیەدا زۆر تیپی شانۆیی دروست بووە، بەڵام ئەو تیپانە زۆربەیان ئارەزوو دروستی کردوون، بۆیە زیاتر پەنایان بردۆتە بەر کاری کۆمیدی لەشێوەی دیاردەکانی ناو کۆمەڵ، ئەوە جگە لەوەی بەشێك لە کارە شانۆییەکان بەتایبەت بەرهەمەکانی تیپی شانۆی ئاشتی ئەوانەی کۆمیدی بوونە لە جەژنەکان نمایش کراوە، بۆ ئەوەی زۆرترین بینەری بۆ کۆبکرێتەوە، تێبینیەکی تر کە تایبەتە بە تیپی شانۆی ئاشتی ئەوەیە تیپەکە لەڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەو ساتەی ئەو کتێبەی تیا دەنووسرێت



تێبینی ئەوە دەکرێت کە کارەکانیان بە دوو ئاراستە ڕۆیشتووە یەکێکیان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە (سەلاّح شوانی) نوێنەرایەتی تیا کردووە کە هەوڵدان بووە بۆ شانۆیەکی کۆمیدی، ئاراستەی دووەمیش ئیشکردن بووە لەسەر شانۆی مۆنۆدراما لەم نێوەندەشدا ڕۆڵی (کاردۆ، سیروان بێلانە) دیارە، بەڵام دەبینین ڕێرەوی تیپەکە زیاتر کەوتۆتە دەست ئەو ئاراستە کۆمیدیە، ئەگەرچی تیپەکە دەرفەتی ئەوەی هەیە بتوانێ جێپەنجەی خۆی لە ئێستای ئەو شانۆیە لەڕێگەی مۆنۆدراما یاهەر شێوازێکی تری شانۆیی بخاتە ڕوو، چونکە ڕابردوویەکی هەیە کە وای لێکردبێت بتوانێ کاری مۆنۆدرامی بکات.

بە کەوتنی پەیکەری دیکتاتۆر و داگیر کردنی عیراق لەلایان ئەمریکاوە کە بە پڕۆسەی ئازادی عیراق ناوی دەرکرد، شانۆی کوردی لە کەرکوك لەقۆناغێکی نوێدا ژیا بەهۆی ئەوەی دەرگای پەیوەندیەکان بەڕوویدا کرایەوە.

## قۆناغی چوارەم (٢٠٠٣— ٢٠٠٨)

ئەوەیان دوا قۆناغی ئەو بزووتنەوە شانۆییە، سەرەنجام پەیکەری دیکتاتۆری عیراق بەهۆی هێزی هاوپەیمانەکانەوە ڕووخا، بەیەکجاری دەسەڵاتی بەعس کۆتایی پێهات، هەموو بیانووەکانی ئێمەش تەواو بوون، دەبوو شانۆکاران بگەڕێنەوە نیشتیمانەکەیان، ئەو قۆناغە ئیدی پێویستی بەوە نەبوو کاری سادەی بۆ بکرێت، بۆیە چەندین تیپ خێرا دامەزران، بەڵام زۆر لەوانە بەناو ئامادەیان هەبووە و بە نمایش وون بوونە، ژمارەی تیپەکانی ئەو قۆناغە زیاد لە (٢٤) تیپی شانۆییە، بەڵام دەتوانرێ هەمووی لە سێ گروپ کۆ بکرێتەوە، تیپی شانۆی ئاشتی لەم قۆناغەشدا لەچالاکیەکانی بەردەوام بووە، بۆیە ئەم ساڵە سێ شانۆگەری پێشکەش کردووە، لە ٢٠٠٣/٦/١٥ شانۆگەری (زنجیرەی ئازارەکان) نووسین و دەرهێنانی:(سەلام زەنگەنە) دواتر لە ٢٠٠٣/١٠/١٦ شانۆگەری (ڕۆژ هەڵهات.. بەڵام) نووسین و دەرهێنانی (مەحمود جێماو) ئەم نمایشە بە هاوکاری نووسینگەی کەرکوکی سەتەلایتی کرودستان بەرهەم هاتوە، دواکاری ئەم ساڵەی تیپەکە بریتی بووە لە شانۆگەری (لووتکەی نهێنی) نووسینی (محمەد خدر) ونواندن و دەرهێنانی (سیروان بێلانە) کە لە چوارچێوەی چالاکیەکانی ڕۆژانی مۆنۆدراما، لە ٢٠٠٣/١١/٢٣ پێشکەش کراوە، هەروەها (تیپی نواندنی کەرکوك) شانۆگەریەکی نمایش کرد بەناوی (فیدرالیە)



نووسین و دەرهێنانی: یوسف جەباری، هەر لەو قۆناغەدا ناوی تیپەکەیان گۆڕی بۆ (تیپی شانۆی چوار باخ) و لە ٢٠٠٤ شانۆگەری (کورسی) یان نمایش کرد، نووسینی: وریا، دەرهێنانی: یوسف جەباری، هەروەها لقی کەرکوکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی سەرلەنوێ دامەزرایەوە، بەدوای ئەوەی لەهەفتاکان توانی بزووتنەوەیەکی شانۆیی باش بەرپا بکات، لەگەڵ کردنەوەی لقەکەی جارێکیتر لە شاری کەرکوك، شانۆگەری (پێکەنینەکانی دوای جەنگ) یان نمایش کرد، نووسینی (مەهدی زریان) و دەرهێنانی (زاگرۆس ماندوو) تیپی شانۆی ئاشتی لەم ساڵەدا بەبەرهەمێکی تر گەڕایەوە ناو بزووتنەوەکە، ئەوە بوو لە ٦/١٢/ ٢٠٠٤ شانۆگەری (ئێجگار نهێنی) ی پێشکەش کرد، نووسینی (محەمەد خدر) دەرهێنانی (نیهایەت خەلیل) ئەم شانۆگەریە بە هاوکاری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، لقی کەرکوك بوو، هەر لەم ساڵەدا ڕۆژانی ٢٥-٢٩/٨/ ٢٠٠٤ فێستڤاڵی دووەمی شانۆی کوردی لە کەرکوك سازکرا، ڕۆژی یەکەم بە نمایشێکی تیپی شانۆی ئاشتی دەستی پێکرد بەناوی (ئێجگار نهێنی) نووسینی: محەمەد خزر و دەرهێنانی: نیهایەت خلیل، ئەوەش بەدوای کۆچکردنی ئەو خانمە دەرهێنەرە لە ژیان، بەدوای ئەوەی دوو مانگ پێشتر ئەم کارە نمایش کرابوو، ڕۆژی دووەم بەرنامەی فێستڤاڵەکە تایبەت بوو بەدوو شانۆگەری، تیپی شانۆی نیشتیمان شانۆگەریەکی

لەچیرۆکێکی عەزیز نەسین ئامادەکردبوو، کاری ئامادەکردنەکە لەلایان عەزیز عومەر بەئەنجام گەیەنرابوو، دەرهێنانی ئەم کارە بەهاوبەشی لەلایان تیپەکەوە مەیسەر کرابوو، ئەو تیپە لەم فێستڤاڵە ڕاگەیەنراو، بەدوای ئەو شانۆگەریە چیتر بەرهەمی نەبووە، تیپی شانۆی چوارباخ شانۆگەری (گەڕان بەدوای ناخا) ی نمایش کرد کە لە نووسینی: عارف مەعروف، دەرهێنانی: یوسف جەباری بوو، ڕۆژی سێیەمی فێستڤاڵەکە دوو شانۆگەری گرتبووە خۆی ئەویش سەرەتا شانۆگەری (نان دز) نووسینی (ڕەئوف حوسێن) و ئامادەکردنی (حوسێن ئەحمەد) و دەرهێنانی (عەزیز عومەر) شانۆگەری دووەم کە بەرهەمی تیپی شانۆی ڕۆژهەلاَت لە مەخمور بوو بەناوی (گوڵ و ماسی) نمایش نەکرا، بەهۆی ئەوەی ئەو تیپە لەرێگادا تووشی ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل هاتن لە ئەنجامدا دەرهێنەری شانۆگەریەکە کۆچی دوایی دەکات و هەروەها نووسەر و ئەکتەرەکانی تریش بەسەختی بریندار دەبن ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم کارە نمایش نەکرێت، ڕۆژی چوارەم دوو شانۆگەری نمایش کرا، شانۆگەری یەکەمی ئەم ڕۆژە بەناوی (باڵندەکانیش دەگرین) بەرهەمی تیپی شانۆی ئازادی بوو، لەنووسینی: عارف مەعروف و دەرهێنانی: ئەندامانی تیپەکە، ئەو تیپەش بەتەنیا ئەو بەرهەمەی هەبووە و بەدوای ئەو شانۆگەریە ئەو تیپەش وەك تیپی شانۆی نیشتیمان بوونی نەماوە، شانۆگەری دووەمی ئەم ڕۆژە کارێکی بانتۆمایم



بوو بەناوی (ئازارەکانی هونەرمەند) نووسینی: محەمەد خزر و دەرهێنانی:شوکر ساڵەیی، ڕۆژی پێنجەم و دوا ڕۆژی فێستڤاڵەکە بە شانۆگەری (خەونەکانی ناوەڕاستی ڕێگا) کۆتایی هات، بەرهەمی تیپی شانۆی هاوڕێیان بوو، نووسینی: عەزیز و چالاك و دەرهێنانی: حوسێن ئەحمەد.

هەر ئەم ساڵە بۆیەکەمجار لەمێژووی شارەکەدا ئاسۆ و خەونێکی تر لەدایك بوو ئەویش کردنەوەی (پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوك) بوو، کە ئەو پەیمانگایە هەر لەیەکەم ساڵیەوە بەشی شانۆیی تیا کرایەوە، سەرەتای کردنەوەی پەیمانگا بەرهەمەکان زیاتر بەزمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، کە پەیوەندی بەو پڕۆژەیەی ئێمەوە نیە، هەروەها بەرهەم و کارنامەی خوێندکاران ناچنە ناو کاری شانۆییەوە چونکە لەچوارچێوەی پەیمانگا سەیر دەکرێن، لە ٢٠٠٥ بەرهەمە کوردیەکانی پەیمانگا نمایش کراوە، لە ٢٠٠٥/٥/٢ شانۆگەری (هەڕاجکردنی خوێن) نووسین و دەرهێنانی: محەمەد خزر، هەروەها بەشی شانۆی پەیمانگا شانۆگەری (پانۆراما) ی نمایش کرد، نووسین و دەرهێنانی (عارف مەعروف) لە ساڵی ٢٠٠٥ شانۆکارێکیتری گەنجی کەرکوك لە هەولێرەوە گەڕاوەتەوە، ئەویش (کۆسرەت عەبدولرەحمان) بووە کە کاریگەری لەسەر چالاك کردنی بزووتنەوە شانۆیەکە و هەوڵدان بۆ نمایشی جیاواز هەبووە، سەرەتا لەگەڵ لقی کەرکوکی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی سێ

شانۆگەری نمایش کردووە: (تۆ تۆ کێی) نوسینی: کەریم جسیر، هەروەها دوو شانۆگەری بەناوی (بەیادی هەڵەبجە) و (گەڕان)) ی لە شاری هەڵەبجە نمایش کردووە، لەگەڵ تیپی شانۆی ئاشتی لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/٢٧ سێ شانۆگەری نمایش کردووە: شانۆگەری (هاوڕێیەکم هەبوو) ی هاینەر میللەر، شانۆگەری (شەوی چەقۆ درێژەکان) ی هاینەر میللەر، شانۆگەری (بۆ بێ دەنگی) نووسینی: ئاوێزان نوری، نواندنی (کاردۆ).

تیپی شانۆی ئاشتی هەر لەم ساڵەدا سێ شانۆگەری تری نمایش کردووە: شانۆگەری (تەنیا خوێن) نووسینی (مەهدی زریان) دەرهێنانی (بەشداربووان) مۆنۆدرامای (بارودۆخێکی تایبەت) نووسینی: ئیسماعیل ئەکبەر، دەرهێنانی: کاردۆ، نواندنی: سەلام زەنگەنە، شانۆگەری (بێزارم مەکە با بێزارت نەکەم) نووسینی (سەلام زەنگەنە) دەرهێنانی (نمایشکاران) بەهاوکاری تیپی شانۆی پەیام.

تیپی شانۆی چوارباخ شانۆگەری (دەردی بیرچوونەوە) ی پێشکەش کردووە، نووسینی: نەوزاد یوسف کاکەیی، دەرهێنانی: یوسف جەباری، لەساڵی دواتر ٢٠٠٦ دوو شانۆگەری تریان پێشکەش کردووە: (شەهید) نووسینی: یوسف جەباری، دەرهێنانی: عادل چاوشین، (سەرەتای ژان) نووسینی:ووریا سەردار، دەرهێنانی: عادل چاوشین، لقی کەرکوکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی هەر ئەم ساڵە شانۆگەری (نامۆ)



ی نمایش کرد، ئامادەکردنی: کامەران سوبحان، دەرهێنانی: فریاد ئەحمەد، ئەم شانۆگەریە لەڕێگەی زمانی جەستە و دەیالۆگەوە هەوڵیدا بەجورئەتێکی زۆرەوە و بە ڕوناکیەکی لاوازەوە شانۆگەریەکمان بۆ نمایش بکەن کە گوزارشتی لەتوانای ئەوان دەکرد بۆ کاری شانۆیی، توانای بەشداران دەیویست مژدەی نەوەیەکی نوێ کە بەرهەمی ئەو قۆناغەیە پێمان ڕابگەیەنێت، هەروەها تیپی شانۆی ئاشتی لەسەر زبڵدانێك شانۆگەری (لەناوەڕاستی دنیا سەمایەك) ی پێشکەش کرد، ئامادەکردن و دەرهێنانی (قاسم غەمگین) ئەم شانۆگەریە لە دەقی (گۆڕ غەریبەکان) ی فەرهاد پیربالْ ئامادە کرابوو. ئەم شانۆگەریە یەکێك لە گرفتەکانی نەبوونی ڕێکخەرێك بوو، بۆیە جولە هێندەی گوزارشتی لە بەربلاْویەك دەکرد کە سیستمێك نەبوو دەرهێنەر ڕێکی بخاتەوە، ئەگەرچی هەرسێ ئەکتەرەکە (کاردۆ، کۆسرەت، بێلانە) خۆیان دەرهێنەرن، بەلاْم هەریەك لەوان ئازادیەکی تەواوی دابوو بەخۆی کە ڕێکخستنی کارەکە لەدەست دەرهێنەر دەرچوو بوو، هەرچی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی شوێن و ناوەڕۆکەوە هەبوو پەیوەندیەکی ئیستاتیکی خوڵقاندبوو بەوەی لەناوەڕاستی زبڵدانێك بە ناوەڕاستی دنیا دادەنێت بۆ سەماکردن.

هەر لەم ساڵەدا تیپەکە شانۆگەریەکی تری نمایش کرد بەناوی (بیرچوونەوە) نووسینی: ماکس ڕێنیە، ئامادە کردن و دەرهێنانی: قاسم غەمگین، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی

کەرکوك شانۆگەری (شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە) نووسینی: دیمتری سابانا‌س، ئامادەکردن و دەرهێنانی: مەریوان زەنگەنە ، تیپێکی شانۆیی نوێ دامەزرا بەناوی (تیپی شانۆی سێکانی) لەم ساڵەدا ئەم شانۆگەریانەی نمایش کردووە: بانتۆمایمی (ئەی مەل جێی تۆ ئاسمانە) ئامادە کردنی: عەبدوللاّ کاکەیی، دەرهێنانی: رائید حازم، ئەم کارە لە ئاستێکی لاوازدابوو بەهۆی ئەوەی نەتوانرابوو بنەما سەرەتایەکانی بانتۆمایم پیادە بکرێت. بانتۆمایمی (ململانێ) بیرۆکە و دەرهێنانی: مەریوان زەنگەنە، شانۆگەری (سرووت گەلێکی دڕندەیی) نووسینی: قاسم مەترود، وەرگێڕانی: کاردۆ، دەرهێنانی: مەریوان زەنگەنە.

لەم ساڵەدا گروپێکی شانۆیی نوێ دامەزرا بەناوی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك) ئەو تیپە سەرەتای کارەکانیان بە بانتۆمایم دەستی پێکرد، بەلاّم هاتنە دەرەوەی هۆڵ و لە قەلاّ و قشڵە و ژوور کارەکانیان نمایش دەکرد، لەبارەی ئەو تیپەوە کاردۆ کە لە قۆناغی پێشوو وەك نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر بەردەوامی لەبزووتنەوەکە هەبووە بڕوای وایە هۆشیاری شانۆیی لەکەرکوك لەگەڵ دامەزراندنی ئەو تیپە لەدایك بووە، ئەو تیپە ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/١٦ بوونی خۆی ڕاگەیاند بە شانۆگەری (پڕۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) نووسینی: سامۆئیل بیکت سیناریۆ و دەرهێنانی: نیهاد جامی، شانۆگەریەکە لەسەر پەیژەکانی قشڵەی کەرکوك نمایش کراو، دواتر کۆڕێکی



ڕەخنەیی سازکرا بۆ ئەوەی شانۆکاران گفتوگۆ لەبارەی بەرهەمەکەوە بکەن، لەو بارەیەوە (تارق ناسح) دەڵێت "ئەم شانۆگەرییە لە ڕووی هەڵبژاردنی دەقەوە تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بوو، بەلاّم لە ڕووی بەکارهێنانی موفرەداتەوە، لە ڕووی مۆسیقاوە، یاخود مامەڵە کردنی ئەکتەرەکان لەگەڵ موفرەداتەکاندا بە شێوەیەکی مەدرووس نەبوو، دیارە ئامانجی شانۆ ئەوەیە کە چاوی بینەر تێر بکات نەك بێزار کردنی. بۆ نمونە بەکارهێنانی ئاگرەکە یەکێك بوو لەو شتانەی کە بووە هۆی بێزارکردنی چاوی بینەر" (١٢) تیپەکە دووەم کاری بەناوی (گەڕان بەدوای ڕاستیەکاندا) ئامادەکردن و دەرهێنانی (کۆسرەت عەبدولرەحمان) نمایش کرد، شانۆگەریەکە لەڕێگەی پانتایەکی تەسکەوە ئەکتەرەکان گوزارشتیان لە چیرۆکی ئاینی ئادەم و حەوا دەکرد "شانۆگەریەکە لە پانتاییەکی سەربەخۆ دوور لە بیناسازیی شانۆ نمایش کرا، تێیدا بینەران، سەرەتا ڕووبەرووی هاوکێشەیەکی شانۆیی دەبنەوە، لەڕێگەی ووشەی (بێدەنگبە) ئەو ووشەیە ئاماژەی سەرەتایی ئەو نمایشە بوو بەوەی ڕووبەرووی پرسیاری بێدەنگکردنی دەکردینەوە، لەبەرچی بێدەنگ بین بۆ ئەوەی خۆمان بۆ شانۆ ئامادە بکەین یاخود ئەوان شەقامی سەرەکی شار وەك شێتخانە دەبینن و دەیانەوێ بۆ نمایشی شێتەکان ئامادەمان بکەن، لەو سەرەتایەوە دەرهێنەر لەسەر چەمکی ووشە دەیەوێ گوتارێکی ئاماژەکاری لەگەڵ

جەستەی ئەکتەر ئاوێتەی یەکتر بکات، بەوەی کێشەی کوشتن و ململانێی نێوان قابیل و هابیل ڕووبەرووی ناو زەمەنی ئێستامان بکاتەوە، دواتر ووشەی بیابان وەك ئاماژەیەك بۆ ئەنفال و کێشەی میتۆلۆژی دەردەخرێت" (١٣)

بەدوای ئەم شانۆگەریە ئیدی تیپی ئەزموونگەری هەموو ئەوانەی تیای بوون ئەکتەر بوونە و نیهاد جامی دەرهێنەری تیپەکە بووە، چونکە وەك ڕایانگەیاندووە ئەوان عەودالی پڕۆژەی شانۆین، کە گۆدۆ نۆبەرەی قۆناغی یەکەمی کارکردنیان بووە، ئەمجارەیان لە ژوورێکدا وەك ئەزموونی شانۆی ژووری تایرۆف نمایشێکیان کرد بەناوی (خاچ) سیناریۆ و دەرهێنانی (نیهاد جامی) لەبارەی دەقەوە بەختیار محەمەد دەڵێت "خاچ وەك ئەزموون لەکەرکووکدا دەکرێ بڵێین ئەزموونێکی نوێیە ئەگەرچی دەرهێنەری خاچ پێم وایە ئەزموونی دووەمیەتی لە کەرکووك، بەڵام تەنها قسەم لەسەر خاچە لەبانتۆمایمی خاچدا دەرهێنەر سەد دەرسەد هەوڵی داوە وەڵامی پرسیارەکەی یۆژینیۆ باربا بداتەوە کە دەپرسێت ئایا مەشقی شانۆیی توانای هەیە نمایشێك بخوڵقێنێت کە وەڵامی دەرهێنەر (بەڵێ) یە ئەگەرچی جیاوازە لە تایرۆف کار دەکات کە تایرۆف قوتابی ستانسلافسکی بووە دواتر لە مامۆستاکەی هەڵدەگەڕێتەوە و شانۆی ژوور دادەمەزرێنێت تەئکید لەسەر ووشە دەکاتەوە، بەڵام دەرهێنەر جەستە دێنێتە جێگای ووشە" (١٤) لەساڵی ٢٠٠٧ تیپی شانۆی ئەزموونگەری چوار شانۆگەری



نمایش کرد سەرەتا شانۆگەری (سەگ و دەف) شانۆگەریەکە لەسەر بنەماکانی شانۆی توندو تیژی نمایش کرا، پەیوەندی نێوان دوو فیگوری کارەکە یەکێکیان کچێك بوو شکستەکانی ژیان ئەوی بەرەو خودا پەرستی بردبوو، ئەویتریش گەنجێك لەئەنجامی شکستە دەروونیەکانی ببوو بە دەرهێنەری سینەمایی، دنیای جیاوازی هەریەکێك لەوان دەیویست ئەو تاعونەی ناوخۆی بتەقێنێتەوە، ئەوەش پەیوەندی نێوان سەگ و مرۆڤی کردبوو بە هاوکێشەی سەرەکی ئەم شانۆگەریە، لەم ڕوانگەیەوە فریاد ئەحمەد دەڵێت " نەشانۆی توند و تیژیی و نە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك و نمایشی (سەگ و دەف) بینەری لەیاد نەکردووە، بەڵکو دەمانەوێت شانۆ بەشێوەیەکی ئەفسوونی و جادووگەرانە کار بکات، نەکو پاشکۆی واقیع و ژیانی خەڵك بێت، چونکە هەر ئەو شانۆیە دەتوانێت بینەرانی بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە" (١٥) بەدوای ئەوە تیپەکە پڕۆژەی دووەمی لە شانۆی توندو تیژیی بنیاتنا، ئەوەبوو لە قەیسەری قەڵای کەرکوك شانۆگەری (زولێخا لەخەونی یوسفدا) ی نمایش کرد، ئەوە هەوڵێك بوو بۆ خوێندنەوەیەکی ناتەبای ئەفسانە، لەبارەی هەردوو چەمکی شوێن و شانۆی ئەزموونگەری (سیروان بێلانە) لەنووسینێکدا دەڵێت "هەڵبژاردنی شوێن لەو جۆرە کارانەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینیٚ، هەر بۆیە بینیمان قەڵای کەرکوك کە شوێنی ئەو نمایشانە بوون، خزمەتێکی گەورەی (نیهاد جامی

و جەستەکانی) ئەو شانۆیانەی کردبوو، بەڕادەیەك هەستت دەکرد لە سرووتێکی زەردەشتیەتدا ئامادە بوویت، هەروەها خوێندنەوەی (نیهاد جامی و جەستەکان) بۆ ئارتۆ و گرۆتۆڤسکی دیسان خزمەتێکی چاکی نمایشەکانی کردبوو، بەو ڕادەیەی کە بە نمایشەکان بووتریٚ ئەزموونگەری" (١٦) لەبارەی پەیوەندی زەمەنی ئێستا بە زەمەنی ئەفسانەوە فریاد ئەحمەد دەڵێت "شانۆی دڵرەقی ئارەزووەکانی نێو نەستی بینەران دێنێتە دی، چونکە ئێستاندن و ئێراندن بە مانای ڕووبەڕوو کردنەوەی بینەرە لە تەك بابەتە گرنگەکان، هەر بۆیە دەرهێنەر چیرۆکەکەی سورەتی یوسفی هەڵوەشاندەوە و جارێکی تر بۆ ئێستە ئێرە دایرشتەوە بەجەستە" (١٧) دوا ئەزموونی ئەم قۆناغەی تیپەکە شانۆگەری (هاملێتی کەرکوك) بوو شانۆگەریەکە وەك کارەکانی تر دەق تەنیا بیرۆکەیەك بوو، ڕۆژانی پرۆڤە شوێن ئەوبیرۆکەیەی نەهێشت، لەخانوویەکی دوو نهۆمی شانۆگەریەکە نمایشکرا، لەو بارەیەوە رائید حازم دەڵێت "هاملێتی کەرکوك ئەو ئەزموونە جوان و سەرکەوتووەی لە نمایشێکی شانۆیدا بینم و پێشتریش لە نمایشەکانی تری تیپی شانۆی ئەزموونگەری بە تایبەت ئەوەی قشلە (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ)، لە ڕاستیدا ئەزموونی نویٚ بوون گوزارشتیان لەئاگاییەکی تۆکمە دەکرد بە ڕۆشنگەریەکی شانۆیی کە جیهانی نویٚ لەبواری شانۆوە بەخۆیەوە دەیبینێت، گەشە سەندنێکی خوازراوە



لەوەرگرتنی فکرەکان و ناکۆکیە دەرخراو و قوڕسەکانە کە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی هاوچەرخ" (١٨) هەر لەبارەی ئەم نمایشەوە کاردۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "سەمای دەوروبەری ئاگرەکە کە بەر لەخاك سپاردنی هاملێت ئەنجامدرا، جۆرێك بووبێت لەوەی پسپۆرانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا پێی دەڵێن سرووتەکانی بواردن واتە جێهێشتنی قۆناغێك و چوونە نێو قۆناغێکی نویٚ، وەك سرووتی مردن و بە خاك سپاردن، یان سرووتی خەتەنە کردن کە لە کولتوری ئێمەدا باوە" (١٩) بەدوای ئەم قۆناغە تیپەکە مانیفێستی یەکەمی خۆی بڵاو کردەوە بەناوی (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ) کە لەسەر جیهانبینی خۆیان لەو قۆناغە وەستاون، بە شانۆگەری (یادەوەری دەنگ) سەرەتای قۆناغی دووەمی تیپەکە بووە کە دەنگ وەك جەستە دەرکەوتووە، لەو ڕێگەیەوە دەگەڕێنەوە بەرەو سرووتی زەردەشتیەت و هەروەها سرووتی نێو کولتورە جیاوازەکان، پاراو وهاب لەبارەی ئەم شانۆگەریەوە دەڵێت "کار بۆ کاریان بەرەو پێش چوونێك دیارە، ئەوەی نویٚ بوو لەو کارەیان تێکەڵ کردنی کاریگەریە دەنگیەکان وێڕای ئەوەش بەکارهێنانی دەنگ لەلایان ئەکتەرەکان کە پێشتر ئەو کارانە نەبوو لە کارەکانی پێشووتریان، خاڵێکیتریش ئەوەیە ئەکتەرەکان ئاستیان بە ڕاستی دیار بوو ئاستێکی بەرز بوو" (٢٠) ئەم شانۆگەریە بەدوای ئەوەی لە قشڵەی کەرکوك نمایشکرا بردرایە شاری کۆیەوە لە شەوی ٢٠٠٧/١٠/٣ لە قشڵەی کۆیە

نمایش کرا. لەم قۆناغەدا ئەو تیپە کۆمەڵێك چەمکی شانۆیی گۆڕیووە لەشوێنی (دەرهێنان/ داڕشتنەوەی پانتایی) و (نمایش/ کەرنەڤاڵی کولتوریی) و (ئەکتەر/ جەستەی کولتوری) ئەوانەش لەو گۆڤارە وەرزیەی بەناوی (شانۆکار) دەریدەکەن تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆیانی تیا دەخەنە ڕوو.

تیپی شانۆی چوارباخ لە ساڵی ٢٠٠٧ دواین بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش کرد، ئەوانیش دوو شانۆگەری بوو: (ئەشکەوت) نووسینی: هەژار موکریانی، دەرهێنانی: عادل چاوشین، (چەوساوەکان) نووسینی: یوسف جەباری، دەرهێنانی: عادل چاوشین، پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەهاوبەشی تیپی شانۆی سێکانی بانتۆمایمی (صە) ی نمایشکرد لەدەرهێنانی (محەمەد خزر) بوو، تیپی شانۆی ئاشتی لەم وەرزەیدا دوو شانۆگەری نمایش کردووە ئەوانیش: شانۆگەری (پاسەپۆڕتی خەونەکانم) نووسین و دەرهێنانی (سیروان بێلانە) نواندنی (سیروان بێلانە و شادیە جەزا ئەمین)  ئەم شانۆگەریە لەبارەی کۆچەوە بوو سیروان ئەکتەری سەرەکی کارەکە بوو ڕووبەرێکی تەسکی بۆ نمایش دەست نیشان کردبوو، ئەوە زۆر کات بەدژی کارەکەی کۆتایی دەهات، چونکە توانای جولەکردن تیایدا ئاسان نەبوو، ئەگەرچی بەهۆی ئەوەی خۆی نووسەری کارەکە بوو زۆرجار تێکستە نووسراوەکەی زاڵ دەکرد بەسەر کردەی دەرهێنان، شانۆگەری (پیاوێك لە زبڵ) نووسینی: قاسم مەترود، نواندن و دەرهێنانی:



ئاسۆ حەمە غەریب، ئەم کارە لاوازترین بەرهەمی شانۆیی بوو بەهۆی ئەوەی نەتوانای ئەکتەر و نە کردەی دەرهێنان بوونی نەبوو، یەکێك بوو لەبەرهەمە هەرە لاوازەکان.

تیپی شانۆی سێکانی بانتۆمایمی (پەیکەر) نووسینی: حوسێن عەلی ئەمین، دەرهێنانی: عەبدوللا کاکەیی، ئەم نمایشە جولە تیایدا ساکار بوو بەهۆی ئەوەی لەشێوەی ئاسایی ئەکتەر دەجولێتەوە، وەك ئارەزوویەك لەنواندن دەردەکەون، ئەوەش بۆ بێ ئەزموونی ئەکتەرەکان و قووڵ نەبوونەوە لە بانتۆمایم سەیر دەکرێت.

ساڵی ٢٠٠٧ کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی کەرکوك هەڵستا بە سازدانی یەکەم فێستڤاڵی شانۆی تەبایی و برایەتی بۆ نەتەوەکانی کەرکوك، لەم فێستڤاڵەدا هەشت نمایشی شانۆیی پێشکەش کرا: تیپی شانۆی ئاشتی شانۆگەری (سزادراوان) ی نمایش کرد، دەرهێنانی قاسم غەمگین. پێشتر ئەم کارە بەبۆنەی جەژنی جیهانی شانۆ نمایش کرابوو بەناوی (هەولێك بۆ دەربازبوون) لە سزادراوان کەسێتی ژنەکە لادرا بوو، کە پێشتر ئەو کەسێتیە هەبوو، جاری یەکەم نمایشەکە لەوەی دووەم سەرکەوتووتر بوو.

کۆمەڵە سەربازێك بەدەست دەسەلاتی عەریفێکەوە دەناڵێنن سەرەنجام عەریفەکە دەکوژن، مردنی عەریفەکە دەبێتەوە خێوێك سەرەنجام مردن و تراژیدیا دەخولقێنێت، ئەو مردنە هەر لە

بیرۆکەی کوشتنی باوك دەچێت، بیرۆکەی ئەو تێکستە لە ڕەگەزی درامی نووسەرەوە کورت دەکرێتەوە، بەسەر چەند دیمەنێکی سادە دابەش دەکرێت، هەر ئاماژەیەکی دەلالی تێکست ناڕۆشن بووبێت لادراوە ئەوەش گوزارشت لە بێتوانایی و نەبوونی توانای خوێندنەوە دەکات، کە نەتوانراوە زمانی نووسین تەفسیر بکرێت و چەمکی فەلسەفی نێو تێکست لەڕێگەی لابردنی دەیالۆگ و دیمەن. زەمەنی نێو نووسین هیچ دەسەڵاتێکی نەماوە ئەوەی دەیبینین هێلێکی سادەی کارکردنە کە دەکرێت بەبێ ئەو دەقەش ئەو شانۆگەریە بە ئەنجام بگات، بەڵام نەبوونی توانای دەرهێنەر وایکردووە ئەکتەر هەرەمەکیەت لە جولەکردنی دەربکەوێت، سستی بە جولەکان دیار بێت، چاوێك نیە توانای بینینی هەبێت، ئەوەش بووەتە هۆی ئامادە نەبوونی سەرەتاکانی هەر کارێکی شانۆیی، بنەماکانی دەرهێنان یا وون دەبن یا زۆر بە سادەیی دەردەکەون ئەویش پەیوەندی بە نەبوونی رۆشنبیری شانۆیی و ئامادە نەبوونی خەیاڵی دەرهێنەرە، ئامادە نەبوونێك کەچەند جولەیەك بەلایەوە مەبەستە بەتایبەت لە دانیشتنی سەربازەکان کە هێندەی ئەکتەر بایەخ بەو دانیشتنەی دەدرێت بەهیچ جۆرێك هەستی سایکۆلۆژی گرنگ نیە، دەرهێنەر بێئاگایە لەوەی ئەوانەی لەسەر شانۆ دایناون مەبەست چیە لێی، وەك ئەو تۆڕەی لەبەرزاییەکە بوو کەهیچ کاریگەریەکی نەبوو بەتایبەت بەدوای کوشتنی عەر یفەکە دەبوایە نەما بوایە یا بۆ کۆتایی



شانۆگەریەکە بۆ ئەوەی بمانزانیبا رۆڵی ئەو تۆڕە چیە؟ یاخود بوونی دوو کردار لەیەك کاتدا وەك لە پەنابردنە بەردەستی ئەکتەرێك و دەیالۆگی یەکێکیتر هەست دەکەین ئەم نمایشە دەرهێنەری تیا نیە، کارێکە بەهیچ کلۆجێك شایەنی ئەوە نیە ڕێگەی بدرێت لە فێستڤاڵێکی شانۆیی بەشداری بکات، لەهەمووشی سەیرتر لەکۆڕە ڕەخنەییەکە دا دەرهێنەر ووتی "ستایلی کارەکەم لەسەر شێوازە ئەزموونگەریەکان بوو" دیارە نمایشێك هیچ بنەمایەکی هونەری تیا نەبێت هەزار لێدوانی لەم شێوەیەش توانای ئەوەی نابێت بیکات بە شانۆ بۆیە ئەو لێدوانە وەك پاکانەیەك دەیبینین کە دەیەوێت لەژێر ناوی ئەزموونگەری خۆی دەرباز بکات بێئاگا لەوەی ئەزموونگەری بەرەنجامی قووڵ بوونەوەو خەون و خەیاڵ و بیرکردنەوەیە.

کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بەبەرهەمێك بەشدار بوو ئەویش شانۆگەری (پرۆڤەیەك بۆ ئەوانەی ڕووەو دەریا دەڕۆن) نووسینی: سینگ، وەرگێڕانی: عەلی کەریم، ئامادەکردنی: دانا سەلاح، دەرهێنانی: کۆسرەت عەبدولرەحمان، هاتنە ژوورەوەمان بۆ هۆڵی شانۆکە، سرووتی تایبەتی ئێمەیە لەگەڵ ئەکتەر بەهۆی ئەوەی ئەوان لەپێشوازیماندان، ڕووخساری خۆمان بەسەر ئاوێنەیەکی دەست ئەکتەرێکەوە دەبینین، ئەوە پرسیاری ئەوەمانی ڕووبەروو کردەوە: ئایا بەڕاست دەبێت خۆمان لەناو ئاوێنەی شانۆ ببینین؟ ئەو پرسیارە چەمکی ستراتیژی ئەم

نمایشە بوو بەهۆی ئەوەی هەموو ئەوانەی ئێمە لەم هۆڵە ڕووبەڕووی دەبینەوە پڕۆڤەی کاستێکی شانۆییە، ئەوەش بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە، بەڵام ئەوەی وادەکات ئەم نمایشە توانای بەردەوامی لە پرسیار و گەڕان نەبێت پەیوەندیی بە خەیاڵی دەست نیشان کراوی دەرهێنەرەوە هەبێت، چ لەڕووی دووبارە بوونەوەی جولەی ئەکتەر لە مامەلەکردنی لەتەك دەبە ئاوەکان کە جولەیەکی کەشفکراوە دوای یەکەم بینین، وەچ لە بەشداریکردنی زیاد لەپێویستی دەرهێنەر بۆ سەپاندنی تیۆری نامۆبوونی برێخت، کە ئەو چەمکە تیۆرە بەبێ بەشداری دەرهێنەریش هەر دەکرا بەئەنجام بگات یاخود ئەو دەرکەوتنە بەڕادەیەك نەبێت کە لەگەمەیەکی سواو بچێت، دیمەنی دووەمی ئەم نمایشە دیمەنێکە زیاد لەپێویست بێزارکەرە بەهۆی ئەوەی ئەو دیمەنە پێویستی بە چڕبوونەوە هەبوو لەڕووی چەمکی زەمەنی و جولەی فیزیکی، ئەوەش دەگەڕێنینەوە بۆ چاودێرینەکردن لەسەر پانتایی کە ئەم نمایشە هەموو خەوشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ چاودێری نەکردنی پانتایی شانۆ، تەنانەت یەکەم دیمەنی سەر شانۆ ئێمە لەبەردەم کوتلەیەکی ئیستاتیکی داین، کەچی لەگەڵ بەردانی ئەو لاستیکە لەلایان ئەکتەرەوە ئەو موفرەدەیە بەتەواوی فەرامۆش دەکرێت، بەو فەرامۆش کردنەش ئەم نمایشە تەواوی رەهەندە جوانکاریەکانی خۆی دەدۆڕێنێت. دیارە ئەم نمایشە هێندەی ئیشکردن بوو



لەسەر لابردنی دیواری چوارەمی شانۆ، بەمانای ئەوەی ئەم نمایشە دەیویست لەڕوانینی برێختەوە سەیری شانۆ بکات، کە ئەوەش خاڵێکی ئیجابی کارکردنە تاوەکو گەرویستمان ئەزمونکار بین دەبێت میتۆدیانە کار بکەین، کەچی بەداخەوە دەرهێنەر هەر لەسەرەتاوە ووتی "ئەم کارەمان لەسەر شێوازی یۆژینۆ باربا بوو" ئەو ڕاگەیاندنە تووشی بێئومێدیەکی تری کردین بەوەی دەرهێنەر یا لەشێوازی کارەکەی نەگەیشتووە؟ یاخود ویستویەتی لەژێر ناوی ئەزموون و ناوە دەگمەنەکان خەڵکانێك دەسخەرۆ بدات؟ کە هەر کامێکیان بێت باش نیە. ئێمە پێویستمان بەوەیە زانستیانە کار بکەین، وەك چۆن هیچ شەرمێکی تیا نیە کە لەسەر بنەمایەکی زانستی برێخت خەریکی کاری شانۆیی بین، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوپەڕی سەرکەوتنمانە بۆ ئەوەی لەڕێگەی فرەییەوە ئەزموونی جیاواز بەرهەم بێنین نابێت هەمووومان بەتاکە شێوازێکەوە کار بکەین سەرکەوتنمان لەوەدایە کە لەکارکردن لەیەك نەچین.

پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوك بە شانۆگەری (هەدیل) بەشداری کرد، ئەم شانۆگەریە بەزمانی عەرەبی بوو، نووسینی: رەعد موتەشەر، دەرهێنانی: ئەیاد حوسێن، جەنگ هەموو جوانیەکانمان لێدەسەنێتەوە ئەوەی بۆمان دەمێنێتەوە تەنیا یادەوەریەکانن، نەوەی ئێمە نەوەیەکە لەناو جەنگ چاو دەکاتەوە، بۆیە دەرهێنەر ویستی لەنێوان یادەوەری و ئێستادا

دوو زەمەنمان بۆ دەربخات کە شوناسی ژیانی ئێمەیە، ئەو هەمیشە بەهۆی ڕووبەری تەسك کراوی شانۆکەوە دەگەڕایەوە ناو رابردوو، بەهۆی ئەوەی دەرهێنەر هەرخۆی ئەکتەری سەرەکی بوو ئەوە وای کردبوو لەگۆڕینی لەنێوان زەمەنە جیاوازەکانەوە هەر بەیەك ئاست نواندن بکات، نەتوانێت گۆڕان لە توانا و دەربڕینە جەستەییەکانی دەربخات، ئەوە تەنیا زیانی بە نواندن نەگەیاندبوو، بەڵکو ببوە هۆی ئەوەی ئەو سێ کوتلە دیکۆرەی سەر شانۆ تەنیا ئەوەی ناوەڕاست بەکار بێنێت و نەیتوانی ئەوانیتر تەوزیف بکات، چونکە هەموو خەیاڵی لای نواندنەکەی خۆی بووە، ئەوە وایکرد قوربانی بە دەرهێنان چ لەڕووی جولە یاخود لەڕووی ڕەنگ و روناکی بدات کە دەیتوانی بۆ خوێندنەوەی قووڵی زەمەنی جەنگ تاکۆتایی روناکیە سوورەکە زاڵ بێت ئەوە بۆچوونی کەسی بینەر نیە کە دەبێت یا دەبوو دەرهێنەر وابکات، بەڵکو ئەوە پەیوەندی بەلایەنی زانستی شانۆوە هەیە کە ڕەنگی سوور توانای هاریکاریکردنی نمایش و قووڵ کردنی پەیوەندیەکان و هەست کردنی بینەر دەبوو بە ڕووبەرە درەوشاوەکانی خوێن و جەنگ لە ژیانماندا.

تیپی شانۆی هاوڕێیان شانۆگەری (سەمای ئەهریمەن) ی پێشکەش کرد، نووسینی (عارف مەعروف) و دەرهێنانی (حوسێن ئەحمەد) سەمای ئەهریمەن بە گومانی هاملێت دەستی پێکرد، گومانێك بەرەو ئاژاوەیەکی ناڕێکخەر ڕۆیشت، دەنگ



بەمەبەستی ژاوە ژاو تەنیا نێرەرێك بوو بۆ ئاژاوەگێریی، بەڵام ئاژاوەیەکی ناڕێکخەر، کە نەیدەتوانی ئاماژەکانی جولە بەرەو مانا ببات، هێندەی دەیویست ململانێی دوو هێزی چاکەخواز و شەڕخوازمان پێنیشان بدات، دەرهێنەر لەگەیاندنی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە دەمامکی هەردوو ئەکتەرە دژەکە لەسەر گالیسکەی نەخۆشخانەکە یەك شێوە بوو، لەناو ئەو ئاژاوە جاڕسکەرەدا تێکست بوونی نەبوو، ئەوەی هەبوو دەسەڵاتی ئەکتەر بوو، بەڵام دەسەڵاتێك پلانێکی داڕێژراوی دەرهێنەریان بەجێ دەگەیاند، ئەم ئاژاوەیەی ناو نمایش هەر بەردەوام بوو تەنانەت شەڕە شمشمێرەکان کە دەکرا خاوەنی مۆرکێکی جوانکاری بێت، بەڵام وانەبوو، تا ئەو کاتەی مەشخەڵەکان ئاگریان لەسەر شانۆ کردەوەو بەشێوەیەکی ئیستاتیکی ئاگرەکە لەبەرزایی کرایەوە، ئەو وێنەیە جوانترین وێنەی شانۆیی ڤیستڤاڵەکە بوو زیادەڕۆییمان نەکردبێت، دەڵێین جوانترین دیمەنی ناو هەر پێنج شانۆگەریەکە بوو، لێرەوە شانۆگەریەکە بەرەو ئیقاعێکیتر ڕۆیی، ریتمێکی وێنەیی و سیستمێکی ڕێکخەری ناو وێنە توانی لەنیوەی دووەمی نمایش بمانکات بە خاوەنی چێژێکی شانۆیی چ لەڕووی بینین یا پەیوەندی دەلالی جەستە، ئەگەرچی بەشێکی وێنەکان هێندەی بەرەو فۆڕمێکی خاڵی لەمانا هەنگاویان دەنا، بەرەو دامەزراندنی مانا نەبوو لە جەستەی هەڵکۆڵراوی تێکستەوە، وێنەکان بەدوای یەك دەهاتن،

وێنە وێنەی تێك دەشكاند، ئەوەش لە ئەزموونی شانۆی وێنەیی شانۆكاری عیراقی (د.سەلاّح ئەلقەسەب) نزیكمانی دەكردەوە، بە تایبەت لەقۆناغی دووەمی كە لە كۆتایی هەشتاكان تیۆریزەی كرد بەناوی (شانۆی گریمانی وێنەی یاد) دوا وێنەی ئەم نمایشە بریتی بوو لەدابەزینی شێوە پەنجەرەیەك كە زوو كۆتایی هات، دەرهێنەر نەیهێشت بوونی جەستە لەتەك ئەو موفرەدەیە زیاتر دەربكەوێت، بەوەی بوونی لەشێوەی كۆمەڵە پەنجەرەیەك لەتەك ئەكتەر توانای ئەوەی هەبوو زۆر ئاماژەی كراوەمان ئاراستە بكات، بەڵاّم ئەو لەو هەموو جوانی و پرسیارانە بێبەشی كردین، لەو نمایشەدا دوو خاڵ پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر كردنە یەكەمیان ڕوناكیە كە ڕوناكی بریتی بوو لەو لایتەی لەسەر كەللە سەری ئەكتەر قایم كراوە، ئەوەش وایكرد سرووتێكی تایبەت درووست بێت لەنێوان ڕەنگی ڕەش لەڕێگەی تاریكی و ڕەنگی سپی لەڕێگەی ئەو لایتەوە كە ئەوەش وەك دوو ئاماژە بۆ چاكە و خراپە كە دەرهێنەر ئیشی لەسەر كردبوو، هەرچەندە ئەكتەر زۆر جار نەیدەتوانی یارمەتی بەرامبەرەكەی بدات بۆ ئاراستە كردنی ئەو ڕوناكیە لە ڕووخساری، هەر بۆیە زۆربەی جار ڕووخساری ئەكتەر تاریك بوو دیار نەبوو، خاڵی دووەم كە پێشتر لەسەری وەستاین لێرەدا چڕی دەكەینەوە ئەویش ئەوەیە ئەم نمایشە دوو پارچەی لێكترازاوە بەشی یەكەمی لەسەرەتاوە بە ئاژاوەیەكی ناڕێكخەر دەست پێدەكات لەگەڵ ئاگرەكەی سەر



شانۆ، بەشی دووەم دەست پێدەكات كە بەپێچەوانەی بەشی یەكەم سیستمێكی ڕێكخەری وێنە ئامادەبوونی هەیە، ئەوەش وایكرد ئێمە لەبەردەم نمایشێكدا بین كە سەرەتا جاڕسكەر و لە نیوەی دووەمی  ئومێدمان لا درووست بكات، كە ئەوەش بۆخۆی خەوشێكی گەورە بوو، چونكە دەرهێنەر نەیتوانیبوو تاسەر بەیەك ڕیتم كارەكە بەڕێوە بەرێت، ئەوە داوا كردن نیە بۆ تاكە ریتمی بەڵكو ئاستی شكستی سەرەتای نمایش و هەڵسانەوەیەتی لەنیوەی دووەمیدا.

تیپی شانۆی قەلاّ بە توركمانی شانۆگەری (چاوەڕوانی) پێشكەشكرد، نووسینی: عەبدولرەزاق محەمەد، دەرهێنانی: یاوز فایەق، پرسیاركردن لەبیرۆكەی چاوەڕوانی نێو ئەو تێكستە، سوڕانەوەی گریمانەی زەمەنی كارەكتەرە سەرەكیەكەی نێو زیندانە، ئەو بیرۆكەیە زوو خۆی بەدەستەوە دەدات، بەتایبەت كە سێ ئەكتەری تر وەك پاسەوان و جەللادی زیندان دەردەكەون، ئەوەی هاوكاری زیندانیەكە و هەرسێ ئەكتەرەكەی تر دەكات بوونی كۆمەڵًە بووكە شووشەیەكە كە لە بەرزایی زیندانەكە هەڵواسراون، بەتایبەت ئەو كاتانەی یەكێك لە جەللادەكان خۆی بە بووكە شووشەیەك دەشوبهێنێت، كەچی یەكێك لە گرفتەكانی ئەم نمایشە بەكارنەهێنان و تەوزیف نەكردنی موفرەدەكانە چ لە بووكە شووشەكانەوە كە هیچ كاریگەریەكی نیە هەڵواسینی تەنیا بووكە شووشەكەی پێشەوە نەبێت كە زیندانیەكە هەر

لەسەرەتاوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەكات، دەیتوانی فرە كارەكتەری لەگەڵیان بخولقاندبا، هەر بۆ نموونە ئەو كاتەی دیمەنی لێكۆڵینەوەی ئەفسەرەكە لەگەڵیدا دەبێت، دەیتوانی خۆی ببێت بە ئەفسەرەكە و یەكێك لە بووكە شووشەكان ببێت بەخۆی، بەهۆی ئەوەی زیندان ئەوی زیندانی بیٚ جولە و سست كردووە، یا دەبینین ئەو پارچە قوماشە ڕەشەی كە هاتۆتە ناو بینەرانەوە، كە مەبەست پەیوەندی نێوان شانۆ و هۆڵەكەیە، بەلاّم ئەو پەیوەندیە درووست نابێت، چونكە قوماشەكە هیچ كاریگەریەكی نیە، هەروەك بوونی موفرەدەكانی تر دەردەكەوێت، یاوەك ئەو دوو تابلۆیەی سەر شانۆ كە یەكێكیان دەبێت بە دەرگا و ئەویتر بێوەزیفە دانراوە، پانتایی شانۆ وەزیفەی تەنیا پڕكردنەوەی سەر شانۆ بوو، چونكە لەسەر تەواوی ئەو ڕووبەرە ئێمە كەوتبووینە بەردەم كۆمەڵە دەلالەتێكی مردوو كە ئەكتەرەكان توانای زیندوو كردنەوەیان نەبوو، ئەوە ئەكتەری نێو زیندانەكە نەبوو لە چاوەڕوانی دابوو، بەڵكو ئێمەی بینەران بووین كەوتبووینە بەردەم چاوەڕوانی، چونكە هەموو ئەوانەی لەسەر شانۆن مردوون، ئەوەش ڕێك پێچەوانەی ووتەكەی سیمیۆلۆژیستی شانۆیی (كۆزان) بوو كە دەڵێت "هەر شتێك كە لەسەر شانۆیە ئاماژەیە"

تیپی شانۆی تێكۆشان شانۆگەری (پەیژە) دەرهێنانی: فەرەیدون هەمەوەندی، تیپی شانۆی هۆما، شانۆگەری (وولاّتەكەم)



نووسینی: فەیسەڵ مەدا، ئامادە كردن و وەرگێڕانی: زانیار جومعە، دەرهێنانی حوسێن سیودین، تیپێكی تر بەناوی تیپی نواندنی كەركوك، شانۆگەری (چیای بەزیوو) ی نمایش كردووە، نووسینی: بەدری حەسون فەرید، وەرگێڕانی: تۆفیق عەبدول، دەرهێنانی: محمد سید، ئەم سیٚ نمایشە لە ئاستێكی لاوازدا بوون كە بنەماكانی كاری شانۆیی تیا بەدی نەدەكرا پیچشتر لیژنەی بینین لەدەرەوەی پێشبڕكێیەكان دایاننا بوون بۆیە بۆ ئێمەی لیژنەی هەڵسەنگاندن (ناسر حەسەن، نیهاد جامی، رائید حازم) ئەو سیٚ شانۆگەریە لەدەرەوەی پێشبڕكێیەكان بوون، ئەگەرچی دواتر بڕیاری ئێمە ئەوەبوو كە خەلاّتی باشترین نمایش و دەرهێنان و نواندن ڕەت بكەینەوە، بەهۆی نەبوونی ئەو ڕەگەزانە تەنیا خەلاّتی ئەكتەری ناوەندی و هاندانمان ڕاگەیاند بۆ سینۆگرافیا و دەرهێنان وەك بڕوانامەی ڕێزلێنان.

لە ساڵی ٢٠٠٨ تیپی شانۆی ئەزموونگەری تا جەژنی جیهانی شانۆ لە ٣/٢٧ سیٚ شانۆگەری نمایش كردووە: سەرەتا شانۆگەری (ئۆدیبی زەردەشت) كارەكە وەك پڕۆژەی قۆناغی دووەم پشتی بەهیچ بیرۆكە و سیناریۆیەك نەبەستووە، بەڵكو بەرەنجامی مەشق و گەڕان بوو، لەڕێگەی گەڕانەوەی ئۆدیب وەك ئەفسانەیەكی گریكی لەتەك سرووتە زەردەشتیەكان و هەروەها سرووتی هندیە سوورەكان، ئەوەش دەرگا كردنەوەیەك بوو لە شانۆی فرە كولتوری، لەبارەی ئەو نمایشەوە ئەسعەد عومەر

دەڵێت "ئەمجۆرە کارانە کە تیپی شانۆی ئەزموونگەری دەیکات کارگەلێك نین بڵێم تێبگەم، کارێکە دەبێ هەستی پێبکەیت" (٢١) بەدوای ئەوە تیپەکە ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٦ لەدووەمینساڵیادی تەمەنیدا، شانۆگەری (حیکایەتی لم) ی نمایشکرد لەیەکێك لەخانووەکانی قەڵا، ئەو خانووەی پێشتر هاملێتی کەرکوکی تیا نمایش کرا، بەڵام ئەمجارەیان گۆڕان لەو بیناسازی کارکردنە کرابوو، ئەکتەرەکان چوونە شوێنی بینەر و بینەران بردرانە تەلاری سەرەوەی خانووەکە تا دۆخێکی مەترسیدار لەکاتی بینین درووست بکرێت لەڕێگەی سەیرکردن بۆ خوارەوە، چەمکی سرووت لەم کارەدا گۆڕانی بەسەردا هات سرووتە زەردەشتیەکان و ئاگر بوونی نەما، ئەکتەر لەڕێگەی جولە و دەنگەوە سرووتێکی جیاوازی بنیاتنا، سرووتێك کە زیاتر وابەستە بوو بە دەنگی لم و تێکشکاندنەوەی دەنگ، سەباح حوسێن لەبارەی ئەم شانۆگەریە دەڵێت "ئێستا ئەو لە شانۆگەریەکەدا ڕەحمی ژیانی پێشکەش کردین یا حەوزی لەدایکبوون کە بەشێوەیەکی جوان و زۆر نایاب خستیە ڕوو، وای لێکردین کە بچێتە گوێچکەکانمانەوە، کە زۆر مەحاڵە کەسێك بتوانێ پێی بگات، تۆ دەتوانی زیاد لە شێوەیەك وەسفی بکەیت، لەبەر ئەوەی پسپۆڕی لە بوارەکەدا، نیهاد جامی زۆرمان پێ دەبەخشێت، تواناکانی لای ئەو هەیە باوەڕ ناکەم لای توێژێکی تری خەڵك هەبێت، ئەو خاوەنی ڕوئیایەکی تایبەتە لە کارەکاندا، ڕوئیاکانیش هەمیشە لە ڕوانین و گۆشە نیگایەکەوەیە



کە شتێکمان پێ دەبەخشێت زەحمەتە کەسێك بە ئاسانی پێی بگات، ئەو کەسێکە ئەگەر نەچیتە ناو ژیانە تایبەتیەکەی و تیای نەژییێیت ناتوانی شیبکەیتەوە، هەرشتێك بتەوێ شیبکەیتەوە بیکە، بەڵام ئەو پیاوە جیهانێکی تایبەتە بۆخۆی، زۆر سوپاس، سوپاسی دەکەین بۆ ئەو کارە سەرسوڕهێنەرەی" (٢٢) سەبارەت بە هەڵبژاردنی شوێن و تاچەند ئەو کارە ئەزموونێکی نوێ بووە عەبدولحەلیم نیعمە دەڵێت "وەك دەزانن نیهاد جامی لەپێشەوەی ئەو هونەرمەندانەیە کە ئەو شوێنانە بەکار دێنێت کە کەس پێش ئەو بەکاری نەهێناوە، لەکاتی بینینی ئەم نمایشە تێبینی ئەوە دەکەین کە ستایلی نیهاد جامی ئامادەیە لەڕێگەی جل و بەرگ و ئەو شوێنەی نمایشەکەی تیا کرا، ئەو شانۆگەریەی ئێستا بینیمان نمایشێکی زۆر باش بوو بەتایبەت لە ئاستی ئەکتەرەکان، ئەگەر بەراووردی بکەین بە کارەکانی پێشووی بەرەو پێشچوونێکی زۆر بەدی دەکرێت لەلایان کارۆخ و شکۆ، وەك دەزانن کارەکە ئەزموونێکی نوێیە" (٢٣) بەدوای ئەم نمایشە ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٩ لە هەیوانی خانوویەکی کۆنی قەڵا دوا ئەزموونی ئەو قۆناغەیان نمایش کرد بەناوی (ئەنتیگۆنای قەڵا) نمایشەکە لەڕێگەی تاکە ئەکتەرێکەوە بە ئەنجام گەیشت، ئەوە گەیشتن بوو بە دەرەنجامێك بۆ ئەنتیگۆنا لە شانۆیەکی فرە کولتوری بەوەی ئەنتیگۆنا وەك کارەکتەرێکی کولتوری گریکی هاتۆتەوە لەپاڵ دێرە شیعرێکی بۆدلێر ئەو دێرە شیعرە لەناو

سیستمی دەنگ، ووشە ماناکانی لەدەست دەدات و تێکەڵی دەنگی لاوانەوەی گەرمیانی دەبێت، تێگەیشتنی فەلسەفی نیتچە بۆ زەردەشت دەبێتە یاخی بوونی ئەنتیگۆنا لەبارەی بیرۆکەی مردنی یەزدان، لەو بارەیەوە شانۆکارێك دەنووسێت "ئەنتیگۆنای قەلاّ زۆر جیاوازە لە ئەنتیگۆنای سۆفۆکلێسی یۆنانی، چونکە لە دەقە یۆنانیەکەدا ئەنتیگۆنا لەوە یاخی دەبێت کەنایەوێت تەرمی براکەی بنێژرێت، بەلاّم لە ئیشەکەی نیهاد جامیدا ئەو یاخی بوونە گۆڕا بۆ یاخیبوونی ئەنتیگۆنا لە کۆمەڵگا، پاشان مانەوەی کۆمەڵگایەکی بێخودا و چەند میحوەرێکیتر کە دەرهێنەر هەمیشە بۆ کارەکانی خۆی لەگەڵ بوونی باگراوندێکی شانۆیی، بە چڕی کار لەسەر زانستەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا ئەکات، بەلاّم ئەوەی سەیر بوو وەك هەمیشە کەمترین بینەر قسەیان لەسەر ئیشەکە کرد،چونکە کەسێك ئەگەر تەواو بارگاوی نەبێت بە مەعریفەی شانۆیی ناتوانێت لەم جۆرە کارانە بگات و خوێندنەوەی بۆی هەبێت" (٢٤) هەرچی زیرەك عەبدوللاّ ی نووسەر و توێژەر لەبواری کۆمەڵناسیە لەبارەی ئەم نمایشەوە دەڵێت "بۆ تێگەیشتن لەم نمایشە پێویستمان بە مەعریفەیەکی زانستی هەیە، بۆیە دەبێ بۆ تێگەیشتن لەم نمایشە و ئەنالیزە کردنی لە ئەنترۆپۆلۆژیا ئاشنا بین، کەوامان کرد ئەوسا گەڕان بەدوای خودا لەشانۆگەریەکەدا دەدۆزینەوە، چونکە چەقی قوڕسایی کارکردنی



ئەم شانۆگەریە لەبارەی بابەتی پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ و ئەو ڕووداوە مێژووییانە بوو کە ئەو ناوەندە پێوەندیە دەیخاتە ڕوو، بەو مانایەی جەخت لە پێوەندی نێوان خودا و مرۆڤ دەکات لەو کاتەی کە مرۆڤ هەست بە بێهێزی دەکات، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بێهێزیەش بەدوای خودادا دەگەڕێت وەکو هێزێکی بان مرۆیی و بان کۆمەڵایەتی، بەلاّم کاتێ دەبینێت خودا لە شوێنێکدا جێی هێشتووە ئیدی هەست بە ترس دەکات، ترس لە تەنیایی، لێرەش دەبێت بپرسین کە ئایا ترس لە تەنیایی یەکسانە بە ترس لە بێخودایی؟ ئەم شانۆگەریە زیاتر هەڵدەگرێت لەو بۆچوونە سەرپێیەی ئێستا خستمانە ڕوو، هێندە نەبێت دەست خۆشی لە ستافی ئەو شانۆگەرییە دەکەم، چونکە مەعریفەیەك و زانینێکی قووڵ لەپشت ئەو کارە ئامادەیی هەبوو" (٢٥)

تیپی شانۆی ئاشتی لەدرێژەی کارەکانیدا شانۆگەری (فرۆشتیان) نووسینی: سیروان بێلانە، دەرهێنانی: سەلام زەنگەنە، هەروەها بەبۆنەی جەژنی جیهانی شانۆ گروپی گەنج بۆ شانۆ، بۆیەکەمجار دوای پرۆسە شانۆگەریەکیان لە شەودا نمایش کرد، شانۆگەریەکە بەناونیشانی (پرۆڤەیەك بۆ کورسیەکانی یۆجین یۆنسکۆ) لە نواندن و دەرهێنانی (کۆسرەت عەبدولرەحمان) بوو، دیارە ئێمە کاتێ سەیری ئەم شانۆگەریە دەکەین پێویستە لەدوو ئاراستەوە سەیری بکەین، ئاراستەی

یەکەم پەیوەندی بەو بویریەوە هەیە کە ئەو نمایشە دەیگرێتە خۆی، بەوەی لەفەزایەکی کۆمەڵایەتی ناو دنیای کوردی دەدوێت، دنیای نهێنیەکانی شەوی سیاسەتمەداران، هەر ئەوەش وادەکات نمایشەکە لەشەودا بتوانێ پەی بە زۆر لەنهێنیەکانی ناو سرووتەکانی خۆی بەرێت، ئاراستەی دووەمیش پەیوەستە بەو پڕۆسەی ناونانەی کە ناوی ناوە پڕۆڤە، مەبەستیش بنیاتنانی چەمکی نامۆبوونی برێختە، ئەو چەمکە لەدوو حالەتدا دەردەکەوێت بۆ پچڕانی نمایش و بە ئاگا هاتنی بینەر بەوەی ئەوە پڕۆڤەیەکی شانۆییە، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێ کە ئەوە ئیشکردنەوە نیە لەسەر دەقەکەی یۆنسکۆ، بەڵکو ئیشکردنەوەیە لەسەر فەزای تێکستی کورسیەکان، بۆیە ناوهێنانەوەی نووسەر ناتوانێ وامان لێ بکات کە ئێمە لەدنیای یۆنسکۆ نزیك ببینەوە، سەرباری قووڵ نەبوونەوەی زیاتر کە پێویست بوو لەنێوان ئەکتەر و ماتریالی سەرەکی کە کورسی بوو، هێشتا پێویستی بەڕێکخستنەوەی کۆدی وەهمی زمان هەبوو لەڕووی کارەکتەرە (میوانە) وەهمیەکان، شانۆگەریەکە دواتر لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری پێشکەش بە خوێندکاران و مامۆستایان کرا و گفتوگۆیەکی ڕەخنەیشی لەبارەوە سازکرا.

ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان ناوەندی کەرکوك لە جەژنی جیهانی شانۆ شانۆگەری (تەلبەنکراو) ی نمایش کرد، نووسینی: جاك پریڤەر، دەرهێنانی: حوسێن ئەحمەد، کە



لەبنەڕەتدا شانۆگەریەکە بەناوی (لەماڵێکدا) یە و شانۆگەریەکی یەکپەردەییە، هەر هەمان ڕۆژ تیپی شانۆی ئاشتی شانۆگەری (هۆکارەکان چین) نووسینی: بەشداربووان، دەرهێنانی: سیروان بێلانە، شانۆگەریەکە لەسەر شێوازی شانۆی ژۆرنالیستی نمایش کرا، لەبارەی ئەم دوو نمایشەوە فریاد ئەحمەد دەڵێت "هیچ کام لەم نمایشانە شایەنی ئەو ڕۆژە نەبوون، ئەوەی زۆر مایەی دڵگرانیە چەند میوانێك لە سلێمانیەوە هاتوون، دڵنیام تێڕوانینی ئەوان بۆ شانۆی کەرکوك لەم دوو نمایشەوە دەبێت، چونکە ئەوان ئەم دوو نمایشەیان بینی" (٢٦)

تیپی شانۆی سێکانی شانۆگەریەکی نمایش کرد بەناوی (حەقیقەتی تاوانێك) ئامادەکردن و دەرهێنانی: قاسم غەمگین. ئەم شانۆگەریە لەڕووبەرێکی تەسك و بەدیکۆری ماڵێك نمایش کرا، لەسەرەتاوە کارەکە بانگەشەی بۆ لابرنی دیواری چوارەم دەکرد و ویستی ئەو پەیوەندیە درووست بکات کەچی نواندن لەسەر میتۆدی ستانسلافسکی بوو ئەوەش وای کردبوو دوو شێوازی دژ بەیەك ببینین، جگە لەوەی ئەم نمایشە گەر لەسەر تەختەی شانۆش نمایش بکرابوایە هیچ گرفتێکی نەبوو.

بەتێبینی کردن بۆ ئەو قۆناغە دەبینین ناوی نوێ هاتۆتە گۆڕەپانەکە ئەوەش پەیوەندی بەو دۆخە سیاسیەوە هەیە لەلایەك لەلایەکیتر زۆر لەو ناوانە بەدوای چەند بەرهەمێك نامێنن، ئەوانەی ئێمە تۆمارمان کردوون بریتین لە (٦٥) شانۆگەری،

دیاره ئێمه نامانەوێ بڵێین ئەو قۆناغە قۆناغی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك بووە، بەڵام حەقیقەتی ئەوەی کە ئەو تیپە چەند کاریگەری لەسەر ئەو قۆناغە هەیە و چۆن گۆڕانی لە شانۆی ئەو شارە کردووە، دەکرێ هەوڵی دوای ئێمە و کەسانی تر ئەو قۆناغە هەڵبسەنگێنن نەك خۆمان، ئەوەی تا ئێرە ئێمە ئەنجاممان داوە درووست کردنی ئارگۆمێنتێکە بۆ شانۆی کوردی لە کەرکوك، لێرەوە هەوڵ دەدەین ئەو ئارگۆمێنتە لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیەوە بخوێنینەوە.

## پاژی دووەم: پەنجا ساڵ نائومێدی

ئێستا لەکێشەی بەمێژووکردن دەربازمان بوو، هەر هیچ نەبێت ئارگۆمێنتێکمان لەبەر دەستدایە کە بتوانین قسەی لەبارەوە بکەین، یەکێك لەکێشە سەرەکیەکانی شانۆی کوردی لەکەرکوك



نەبوونی ئارگۆمێنت بوو، کەوای کردبوو نەتوانین قسە لە ڕابردووی ئەو شانۆیە بکەین، هەمیشە لەلایان چەند شانۆکارێکەوە ستایشی ئەو ڕابردووە دەکرا، بەڵام نەماندەزانی ئەو ڕابردووە چیە و چۆن بووە؟ نەوەی نوێ ئەو نەوەیەی لەگەڵ دید و ژیانێکی جیاواز چاوی لەشانۆدا کردەوە، لەبنەڕەتدا گاڵتە بە ڕابردوو دەکات، جاگەر ئەو ڕابردووە بەڵگەیەکی لەسەر خۆی پێ نەبێت دەبێ چۆن سەیر بکرێت، ئێمە هەستمان بەو کەلێنە گەورەیە دەکرد، بۆیە هەڵساین بەنووسینەوەی ئەو مێژووە، ئەوە مانای وانیە وەزیفەی مێژوونووسمان بەخۆمان بەخشیبێت، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕەخنە ئاراستەی ئەو مێژووە بکرێت پێویستمان بەوە بوو سەرەتا ئەرشیفێکمان هەبێت بۆ ئەوەی ڕەخنەی بکەین، بەبێ ئەرشیفێکی دەوڵەمەند ڕەخنە ئاراستەی چی دەکرێت؟ ئێمە ناڵێین ئەوەی لەبەردەستدایە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندە، بەڵام سەرەتایەکی زانستیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئەرشیفەمان بۆ داهاتوو دەوڵەمەند بکەین، ئەوەش کاری ئەو ئازیزانەیە کە لە قۆناغە جیاوازەکان کاریان کردووە و هەست دەکەن کارەکانیان تۆمار نەکراوە، نەبوونی سەنتەرێکی مێژوویی یان بەڕێوبەرایەتیەکی شانۆیی لەو شارە وای کرد کە دەزگایەك نەبێت ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ، بۆیە کاتێ ئەو کارەمان بەخۆمان سپارد، دڵنیاین لەوەی نابێ وەك بیبلۆگرافیایەك بەسەرماندا تێپەڕێت، بۆیە لەم بەشەدا بەتەواوی ڕەخنە ئاراستەی تەواوی

**قۆناغەکان دەکەین و ئەو پەنجا ساڵی کارکردنە لە شانۆدا بە پەنجا ساڵ نائومێدی ناوی دەبەین.. نائومێدی لەچی؟ نائومێدی لەوەی نەمانتوانی شانۆ سیمایەکی گەش و لەهەوڵە بەرایەکانی ئەلف و بێیەکی شانۆیی ڕزگار بکەین، ئەوەیان لۆژیکی ڕەهای نووسین نیە، بەڵکو دەمانەوێ ئەو دەستەواژەیە لێرەدا بسەپێنین بەوەی بۆچی نیو سەدە لەناو نائومێدی شانۆدا دەژین؟**

**ئەو نائومێدیە سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغانەی بزووتنەوە شانۆیەکەمان بەوەی لە تەواوی ئەو پەنجا ساڵە گروپە شانۆیەکان هیچ کام لەوانە بیرکردنەوە لە پرۆژەیەکی شانۆیی نەیکردوون بە پێویستی قۆناغەکە، بەڵکو هەمیشە دۆخە سیاسیەکان قۆناغە شانۆیەکانیان سەپاندووە، ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بەوەی شانۆی ئێمە لەناو هەستی سادەی نەتەوایەتی گۆش بکرێت، شانۆ هێندەی پێویستی بە گەیاندنی پەیام هەبووە، بەهیچ جۆرێك خەمی ئاستی بزووتنەوە شانۆیەکەی نەبووە، سەرەنجام ئەوەش بە لاوازی شانۆ کۆتایی هاتووە، دەنا شانۆیەك کە تەمەنی نیو سەدەیە تا ئێستا لە ئاستێکی هێندە نزم دایە نازانین چۆن ڕوومان بێت باسی بکەین، هێشتا دیمەنە سادەکانی ڕۆژانە بە شانۆی ڕاستەقینە ناو دەبرێت ئەو چەند هەوڵەی لەلایان نەوەی نوێ بۆ گۆڕینی ئەو ئاستە سادەیە دەدرێت لەلایان زۆر کەس دژایەتی دەکرێت، کەسانێك کاریان بووە بە دژایەتی ئەو نەوەیە و ستایشی ڕابردوو**



**دەکەن ڕۆژێك بوێری ئەوەیان تیا نەبوو ئەو مێژووە بنووسنەوە، نەك لەبەر ئەوەی توانای نووسینەوەی ئەو مێژووەیان نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەوەی ئەوان لەو نەخشەیە بوونیان نیە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوانەی خۆیان وا دەردەخەن کە کارەکتەری سەرەکی ئەو شانۆیە بوونە لە بەشی یەکەم دەردەکەوێت، کە شانۆکارە چالاکەکانی ئێمە ئەوانەی لە شانۆدا کاریان کردووە ئەوانە نین کە ئەمڕۆ دەیانەوێ لەسەر حیکایەتی ڕابردوو بژین، جگە لەوە ئەوەی زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەوەیە کە مێژووی شانۆی ئێمە مێژووی داکۆکیکردن بووە لە کورد بوون نەك لە پرۆسەی شانۆمان، یاخود بێدەنگیەك بووە کە شانۆ بەتەواوی سەرکوت کراوەتەوە، بۆیە شانۆ لە دەزگایەکی کولتوریەوە وەزیفەکەی گۆڕاوە بۆ دەزگایەکی ئایدیۆلۆژی ڕووت، ئەوەش ئەگەر لای کەسانێك بە دیاردەیەکی سرووشتی ڕاڤە بکرێت، ئێمە بە هۆکاری نائومێدبوونی ئەو مێژووەی دەزانین لەچەندین ئاستی جیاواز کە ئەوەیان ئیشکالیەتی سەرەکی ئەو شانۆیە بووە.**

**شانۆکاری کورد لەم شارەدا خاوەنی پرسیار نەبووە، ئەو بیانووەی ئامادە نەبوونی پرسیار وابەستە دەکاتەوە بە دۆخی سیاسی شارەکە، بیانوویەکە لەو شوێنەی کە باسی بزووتنەوەیەکی شانۆیی دەکەین کۆتایی بەهەموو ڕەوایەتیەکی ئەو بیانووە دێنێتەوە، چونکە شانۆکار کارکردنی لەناو قۆناغە سیاسیەکان بووە، بەڵام نەیتوانیووە لەناو ئەو قۆناغەدا**

پرسیاری خۆی هەبێت، بەڵکو هەمیشە لەسەر ئەو وەڵامانە وەستاوە. کە نەتوانێ بەشداری لە چالاکی هۆشیاری و دەوڵەمەندکردنی چێژی بینین بکات، ئەو شانۆیە لەناو کەشێکی پێکەنیناوی پرسیاری کوشتووە، خەون نەك گەشەی نەکردووە، بەڵکو خەون لە بنەڕەتدا بوونی نەبووە، ئەوەش پەیوەست بووە بە هۆشیاری شانۆکارەوە نەوەك بینەر، هەر تۆمەت درووست کردنێك بۆ سادەیی هۆشیاری بینەر لە قۆناغەکاندا بیانوویەکی سستە، چونکە دەبوو شانۆکار لەڕێگەی پرسیارەوە ئەو بینەرە بەرەو هۆشیارێکی گوماناوی بێنێت کە چیتر بە وەڵامەکان ڕازی نەبێت و لەسەر پرسیارە کەشف نەکراوەکان گفتوگۆ بکات، بەڵام نەبوونی گوتارێکی فکری لەپشت نمایشەکان بە بیانووی شانۆ بە کوردی لەم شارە شۆڕشە، هەموو گوتارێکی فکری کوشتووە، ئەو چۆن دیمەنە سادەکانی ژیانی گواستۆتەوە ئاواش ویستویەتی جنێو بە دەسەڵات بدات، بەڵام کە نەیتوانیوە ئەوە بکات وتویەتی ئازادی نیە، لەنێوان ئازادی و پرسیاردا جیاوازی جەوهەری هەیە، پرسیار لەهەموو قۆناغێك دەبێ ئامادە بوونی هەبێت، تەنانەت لەسەردەمی دیکتاتۆریش ڕاست نیە شانۆ پرسیاری پێ نەبێت، بەڵکو پرسیاری شانۆکار لەو سەردەمە زیاتر ڕەهەندە قووڵەکانی دەبێت دەربکەوێت، دەکرێ ئازادی پرسیارەکان بەرەو ئاراستەیەکی ڕەخنەیی بەرێت، نەك ئازادی بەخەونی جنێو و کەمکردنەوە لە ئاستی هونەری لەبەهای شانۆ



دابگرێت، ئازادی نەبووە پرسیاریش نەبووە، دیکتاتۆر هەبووە شانۆی کۆمیدیش هەبووە.. ئازادی دێت ئەو شانۆیە چونکە پرسیاری جدی پێ نیە بۆیە دەرفەت بۆ مەهزەلەی وەکو (تڕحێو جەنابی سەددام) دەکاتەوە، ئاخۆ ئەگەر بەعس دەرفەتی بدابوایە پرسیاری شانۆکار ئەو گاڵتەجاریە دەبوو؟ لەوەدا تێدەگەین ئامادە بوونی پرسیاری شانۆکار پەیوەندی نیە بە ئازادیەوە هێندەی پەیوەندی بە هۆشیاری شانۆکار خۆیەوە هەیە، نەبوونی پرسیار چوونە خەونی غەفلەتە، نوقم بوونە لەناو کەشتیەکی گەورە کە پێمان وایە نوقم بوونیش ئومێدی بەردەوامی هەیە، بەڵام کام بەردەوامی؟ ئەوەیان بەدوای خوێندنەوەی بیبلۆگرافی بۆ ئەو مێژووە پێویستە ئەو شانۆکارانە لەخۆیانی بکەن، نەبوونی پرسیاری قۆناغەکان تا ئەم ڕۆژگارە یەکێکە لە خەوشەکانی سستی ئەم شانۆیە، بەڵام چۆن پرسیار نەبووە ئاواش دەست نیشانی ئەو خەوشیە نەکراوە، لە ئیستا کە تێڕوانینی ڕەخنەیی بەو شێوەیە ئاوڕ لەو مێژووە دەداتەوە بۆ کەسانێك کولانەوەی برینێکە، بۆ هەندێکی تریش بیرهاتنەوەی ئەو ڕۆژە تاڵانەیە کە چۆن خەونیان بە کارێکی شانۆیی بینیووە، دیارە خەون بینین بەکاری شانۆیی ئارەزوویەکە بوونی پرسیاری جدیش لەکاری شانۆیی پێویستی بە هۆشیاری و مەعریفەی شانۆیی هەبووە، کە لە نیو سەدەی ڕابردوو ئێمە بەو هۆشیاری و مەعریفەیە نەگەیشتووین، ئەوە تۆمەت بارکردنی گروپێك و

ستایش کردنی کەسانێك نیە هەموومان شانۆکارانی کورد لەم شارە بەرپرسیارین، هەر لە (تیپی هونەری خەبات) ی پەنجاکانی سەدەی بیستەك تا دەگات بە (تیپی شانۆی ئەزموونگەری) ئەمڕۆ، هەر لە (نوری هونەر) ەوە تا دەگات بە (نیهاد جامی) هەموومان بەشێکین لە شکست و نائومێدیەکانی ئەم شانۆیە، لەوەی نەمانتوانی شاکاری گەورە کە شایەنی قۆناغەکان بێت بیرکردنەوەی عەقڵی داهێنەر بێت بەرهەم بێنین، بۆیە نەبوونی پرسیار ئاماژەیەکی بریسکەدارە بۆ هەموومان کە پەنجا ساڵە لەناو نائومێدیداین، کاتێ تەواوی تەمەنی کارکردن بە نائومێدی ناو دەبەین ئەوە مانای وانیە کە ئێمە نمایشی شانۆیی سەرکەوتوومان بەدرێژایی ئەو مێژووە نەبووە، بەڵکو مەبەست لەوەیە لەو تەمەنە ئەو شانۆیە نەیتوانیووە خەونی گەورەمان بۆ بێنێتە دی، دەنا گەر وانەبێت ئەو شانۆیە ئامادەیی هەیە، بەڵام ئەو ئامادەیە نەبۆتە لەدایکبوونی شانۆیەکی هونەری پایە بەرز، کە ئێمە ئەمڕۆ لەسەر ئەو پەنجا ساڵە دەوەستین دەمانویست سیمایەکی زۆر درەوشاوەتری هەبێت، ئەگەر پەنجا ساڵی دواتر لەیادی ١٠٠ ساڵەی ئەو شانۆیە گەیشت بە قۆناغی بەرز و گەشاوە، ئەوە مانای وانیە کە دەبێت ئێمە ئێستا ستایشی ڕابردوو بکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو ڕابردووە نەخەینە ژێر ڕەخنەوە ناتوانین بیر لە شانۆیەکی بەرز بکەینەوە بۆ داهاتوو، ئەوە ڕۆحی ڕەخنە و پرسیار و گومان کردنە ئێمە



دەگەیەنێتە ئەوەی خەونی جیاوازمان بۆ داهاتوومان هەبێت، ئەوەش کارێك نیە نکوڵی کردن بێت لەهەوڵ و ماندوو بوونی ئەوانەی لە ڕابردوو کاریان کردووە، کە ئێمە لە پاژی یەکەمدا بەڕێزەوە لەسەر هەوڵەکانیان وەستاین، بەڵام جێی خۆشیەتی بەدوای پەنجا ساڵ لەو تەمەنە بزانین ئێمە و نەوەکانی پێش ئێمە چیان کردووە، ئەوەیە کە بەلامانەوە مەبەستە.

یەکێکیتر لەو نائومێدیانە ئامادە نەبوونی گوتارێکی ڕەخنەییە، نەبوونی ڕەخنە دڵنیابوونە لە غیابی هۆشیاری شانۆکار، بەدرێژایی قۆناغەکان ڕەخنە بوونی نەبووە، ئەوەیان ناگەڕێنیەوە بۆ نەبوونی بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی، بەڵکو وەك هەوڵی تاك و تەراش نەبینراوە، ڕۆژنامەکان کە سەیری ئەم شانۆگەریانەیان کردووە وەك هەواڵ مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، لەقۆناغی سێیەمدا ووتارێکی چیرۆکنووس (حەمە سەعید زەنگەنە) و دوو ستوونی ڕۆژنامەوانی نووسراوە، بەڵام ناچنە ناو ڕەخنەی شانۆییەوە، بەڵکو وەك سەرنجی بینەر تۆمار دەکرێن، بوونی ڕەخنە لەدوو ئاست دەبێت کە هەردووکیان وونن، بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی بەرەنجامی بزووتنەوەیەکی شانۆیی ئاست بەرزە، هەروەها نمایشی نوێ و جیاواز پێویستی بە چەمك و زاراوەی ڕەخنەیی نوێ و جیاوازیشە، ئەوەش پێویستی بە نووسەر و ڕەخنەگری خوێنەوارە کەلەناو ئەو شانۆیەی ئێمەدا تا ئێستا بوونی نیە، بۆیە هەر ووتارێك بنووسرێتیش هێندەی

لەناو سەرسام بوون و مەدح و ستایش دەبێت ناتوانێ نوسینێك بێت نهێنیە شاراوەكانی نمایش ئاشكرا بكات، یاخود ڕق و سەرزەنشتی توڕەبوون دەیخولقێنێ ئەوانەش جگە لە بوغز و شەرانیەت هیچیتری تیا بەرهەم نایەت، هەریەكە لەو دوو جۆرە نووسینە (ستایش و سەرزەنشت) لە قۆناغی چوارەم دەركەوتووە، ئەوەش بە پلەی یەكەم دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی گوتارێكی ڕەخنەیی، لێرەوە دەركەوتنی گۆڤاری (شانۆكار) (٢٧) بەمەبەستی بنیاتنانی گوتارێكی ڕەخنەییە، بەلاّم بەدوای ٥٠ ساڵ ئەوسا دەركەوتنی گۆڤارێكی شانۆیی مایەی گەشبینی نیە، بەڵكو ئەو پەڕی نائومێدیە كە بەدوای نیو سەدە ئەوسا خەونی بنەما سەرەتایەكان دادەمەزرێنین، هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللاّیانە دەبن بە سەرەتا بەلاّم سەرەتایەكی درەنگ وەخت بۆیە ئێمە لەناو نیو سەدە لە نائومێدی شانۆدا دەژین.

نائومێدی بە هۆی ئەوەی بەشێكی شانۆی ئێمە ڕاستەوخۆ بەعس بەهۆی سیاسەتەوە دەیكوژێت، بەشەكەی تر شانۆكار بەهۆی دژایەتی كردنی ئەو سیاسەتە بەناوی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی و دوور كەوتنەوە لە تێكستی جیهانی بەرز و شێوازە شانۆیەكان شانۆ نوقمی ناو شەڕێك دەكات كە شەڕی شانۆ نیە، ئەمڕۆ ناچارین ئەو هەوڵ و تەقەللایانە بە نائومێدی وەلاّم بدەینەوە نەك وەك كەسانێك چاوەڕوانن بە دەست خۆشی، شارەكە بۆخۆی زەمینەیەكی لەباری هەبووە بۆ لەدایك بوونی



شانۆیەكی هونەری ئاست بەرز، بەهۆی جیاوازی نەتەوەیی كە بووەتە هۆی فرە كولتوری جیاواز لە شارەكەدا، بەواتای یەكێك لە خەسڵەتە جیاوازیەكانی تیا بووە، بەلاّم نەتوانراوە سوود لەو جیاوازیە كولتوریە وەربگیرێت، بەڵكو شانۆكاران لەناو تاك كولتوریەوە دەرگایان بەڕووی هەموو كولتورەكانی تر داخستووە، ئەو داخستنی دەرگایە كلۆم دان بووە بەڕووی ئایندەی شانۆ، چونكە زەمینە كۆمەلاّیەتیەكە تا ڕادەیەكی زۆر لەبار بووە، وەك لە خوێندنەوەمان بۆ ئەو ڕابردوو ئاماژەمان بەوە دا كە ئەو شانۆیە لەگەڵ لەدایكبوونی كێشەی ژنی لە شانۆدا نەبووە، ڕەگەزی مێ وەك نێر كاریگەری هەبووە، بەتایبەت لە قۆناغی دووەمدا دەبینین لەكەشێكی ئازاددا چۆن كۆمەڵگا ڕێگا بە كچەكانی دەدات بەرەو كاری شانۆیی بڕوات، ئەوەش گوزارشت لە هۆشیاری كۆمەلاّیەتی شارەكە دەكات، بۆیە ئێستا كاتی خۆیەتی پرسیار لە شانۆكاران بكەین كوا ئەو زەمینە كۆمەلاّیەتیە كوان لەكوێن كچانی شانۆكار؟ ئایا دیسان دەڵێین بەعس هۆكار بوو؟ ئایا ئەو بیانووە تاچەند ڕاستە ئەگەر توێژینەوەیەكی مەیدانی ئەنجام بدرێت و شانۆكار تیایدا بەرپرس بێت ئەی ئەوساچی؟ بەڵكو ئەوە شانۆكاران بوونە لە قۆناغی سێیەمدا چەمكی موقەددەس لە شانۆ وەردەگرنەوە، شانۆ لە موقەدەسێكەوە دەگۆڕن بۆ شوێنی پشوودانی خێزانەكان، كاتێ لە ڕۆژانی جەژندا شانۆ نمایش دەكرێ،

شانۆکار شانۆ وەك بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی بەکار دێنێت، بەو کارەش کۆمەڵگا تێدەگات لەوەی شانۆ وەزیفەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و چێژی جوانکاری نیە، چونکە ئەوە بەتەنیا غیابی ڕەگەزی مێ نیە لەو شانۆیە، ئەوەتە لە قۆناغی یەکەمدا یەکێك لە هەوڵەکان شانۆگەریەکی بانتۆمایمە، کە دەتوانرا ئەو شێوازە شانۆیە تا ئاستێکی زۆر شانۆی ئێمەی بەرەو پێش ببردبا، بەڵام بەهۆی ئەوەی شانۆکاران کاریگەری یادەوەری خودیان بۆ لاسایی کردنەوە کردیانی بە شانۆکار نەك مەعریفەی هەستی، بەواتای ئارەزوویان لە لاسایی کردنەوە بووە نەك لە شانۆ هەموو ئەوانەش وێنەیەکی خراپی لەناو کۆمەڵگا درووست کرد و نەیهێشت شانۆی کوردی لەم شارە پێش بکەوێت، بەر لەوەی خۆمان لەهەر هۆکارێك بدزینەوە بەوەی کە دەسەڵاتی بەعس بەرپرسیارە وەك هەمیشە وا دەووترێ ڕاستیەکی تاڵ هەیە ئەویش ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکی شانۆکار خۆی بووە، کەوایە ئایا هەق نیە بە دێری گەورە لە ساڵیادی پەنجا ساڵەی ئەو شانۆیە بنووسین "نیو سەدە ژیان لە نائومێدیەکانی شانۆ"

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


(١) مێژووی گۆڕانە ڕۆشنبیریەکانی ناوچەی کەرکوك/ سمکۆ بەهرۆز، کەرکوك ٢٠٠٦، لا ١٧٦





(٢) سەرەتایەك بۆ نووسینەوەی مێژووی درامای کوردی/ ڕێزان سالح مەولود، سینەما و شانۆ، ژمارە (٩) شوباتی ٢٠٠١، لا٧٩

(٣) شانۆ و .. و شانۆی کوردەواری/ حەسەن تەنیا، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی (بەغدا) ١٩٨٤، لا ١٠٦

(٤) هەمان سەرچاوە

(٥) گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە ١١٩ ی ساڵی ١٩٩٨، لاپەڕە ٢٠

(٦) لەئەنجامی بەدوا داچوون بۆمان دەرکەوت ئەو تیپە بەناوی ئافرەتێکەوە کە رەفیق حزبی بووە ناونراوە، بەدوای گۆڕانە سیاسیەکان تیپەکە ناوی خۆی گۆڕیووە بۆ (تێکۆشان)

(٧) پاشکۆی عیراق، ژمارە (٤٠٥) ١٩٩٦/١٠/٢٠

(٨) شانۆیی (ئوتێلی نمرە ٢٠) لەکەرکوك لەنێوان دەرهێنەر و ئەکتەر و جەماوەردا/ هاوکاری، ژمارە (٢٦٥٨) ١٩٩٧/٣/٢٩

(٩) تیپی شانۆ و نواندنی کەناڵی کەرکوك و چاو بە چاو دەکەوێتەوە/ ئازاد گەرمیانی، ڕەنگین، ژمارە ١١٩/لا٢٠

(١٠) شانۆیی (ئەوەنیت) و سەرنجێکی خێرا/ ڕزگار شوانی، هاوکاری ژمارە (٣٠٣٠٩) ١٩٩٩/١/٢٥

(١١) جریدە العراق، ٢٠٠٢/٧/٢١

(١٢) تیپی ئەزمونگەری زۆر بوێرن و زیرەکانە بابەتەکانیان هەڵدەبژێرن/ تاریق ناسیح، شانۆکار ژمارە (٢) لا ٣٣

(١٣) ئەزموونکارانی شانۆ لەگەڕان بەدوای ئەزموونێکی تردا، هەولێر پۆست ژمارە (٣٤) ٢/٤/٢٠٠٦

(١٤) کاتێك مرۆڤ لە خاچ دەدرێت و کەس تەماشای ناکات/ بەختیار محەمەد، شەپۆڵ ژمارە (٣) ئابی ٢٠٠٦

(١٥) پڕۆژەیەکی ئەزموونکاری لە شانۆی پاش تازەگەریدا/ فریاد ئەحمەد، شانۆکار ژمارە (١) لا٧٧

(١٦) سیستمی بەکارهێنانی خود، سیستمی زۆربەی لابۆرە شانۆیەکانە و ئەزموونکارانی کەرکوك پێی گەیشتوون/ سیروان بێلانە، شانۆکار ژمارە (٢) لا ٢٢

(١٧) پرۆژەی دووەم لە شانۆی توونـد و تیژی/ فریاد ئەحمەد، شانۆکار ژمارە (٢) لا٣٠

(١٨) پرسیارە ئەزموونگەریەکان لە ئەزموونی (هاملێتی کەرکوك)/ رائید حازم، شانۆکار ژمارە (٢) لا ١٠

(١٩) لە (هاملێتی کەرکوك) کەس بێگوناه نیە/ کاردۆ، شانۆکار ژمارە (٢) لا ٤٥

(٢٠) ئەزمونێکی جیاواز و شانۆیەکی نوێ/ ئا: هەردی محەمەد، شانۆکار ژمارە (٢) لا ٨٢

(٢١) ئۆدیبی زەردەشت.. شانۆیەکی نوێی ئەزموونی/ کوردستان ڕاپۆرت، ژمارە (٣٦٧) ١٣ ی کانونی دووەمی ٢٠٠٨



(٢٢) شانۆکارانی کەرکوك لەسەر حیکایەتی لم دەوەستن/ ئا:هەردی محەمەد، ئاڵای ئازادی، ژمارە (٧٥٤) ١٤ی نیسانی ٢٠٠٨

(٢٣) هەمان سەرچاوە

(٢٤) نمایشەکانی ڕۆژی جیهانی شانۆ لە کەرکوك و چەند سەرنجێك/ شکۆ عومەر، ئاسۆ ژمارە (٧٠٣) ٢٨/٤/٢٠٠٨

(٢٥) گەڕانی مرۆڤ و ترسی بێخودایی/ هەولێر ژمارە (٢٦٠) ١٣/٤/٢٠٠٨

(٢٦) مەراسیمی ڕۆژی جیهانی شانۆ لە کەرکوك/ ئا: کاردۆ، ئەدەب و هونەر ژمارە (٥٨١) ١٧/٤/٢٠٠٨

(٢٧) شانۆکار، گۆڤارێکی شانۆیی وەرزییە، تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك دەری دەکات، تا نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو ژمارەی لێ دەرچووە و ژمارە (٣) ی گۆڤارەکەش ئێستا ئامادەکراوە بۆ چاپ